گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# جەنگ و کۆچ، بەریەککەوتنی زارەکیی و گواستنەوەی بەهاکان

## (توێژینەوەیەکی شیکاری ناوەڕۆکە بۆ ڕۆمانەکانی "کەوتنی ئاسمانەکان و سەردەمی گریانی بەڵقیس" لەژێر ڕۆشنایی تیۆری جۆرج لۆکاش)[1]

**پ.ی.د. عزالدين عبدالصمد رسول**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، هەولێر
izaddin.rasool@su.edu.krd

**خدر رسول ابابكر**
قوتابی ماستەر لە بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، هەولێر
Xdrrasul87@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/٢٦
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/١١
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**
*The Fall of the Heavens, The Crying of Bilqis, War, Migration, Oral Collision*

**پوختە**

جەنگ و کۆچ، دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی-سیاسی لەمێژینەن، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەم دوو دیاردەیە بوونیان هەبووە و بوونیشیان دەبێت، کاریگەریی و پەیوەندی نێوان ئەم دوو دیاردەیەش، هەمیشە بەرچاو و دیارن. مێژووی کۆمەڵگای کوردیش سیخناخە بە جەنگ و کۆچ، کە دەرئەنجامەکەشی قەومان و پەرتەوازەی کۆمەڵایەتی بووە; ئەو ڕووداوانەی کە بەرئەنجامی جەنگ و کۆچن، بە ڕوونی لەناو ئەدەبیات بە گشتیی و ژانەری ڕۆمان بەتایبەتی خۆیان مەنفێستت کردووە، واتا واقیعی باو، بووەتە ئاوێنە و ڕەنگدەرەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی کوردی.

[1] -ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە لە نامەی ماستەری قوتابی (خدر رسول ابابكر) بە ناونیشانی (جەنگ و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا-توێژینەوەیەکی شیکاری ناوەڕۆکە بۆ ڕۆمانەکانی کەوتنی ئاسمانەکان و سەردەمی گریانی بەڵقیس)، بەسەرپەرشتی پ.ی.د. عزالدين عبدالصمد رسوڵ، وەک پێداویستییەکی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر پێش گفتوگۆکردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Doi:
10.25212/lfu.qzj.7.2.13

لەو نێوەندەدا ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی کۆمەڵناسی ئەدەبیات و پاڵپشت بە تیۆرڤانی ڕۆمانی مۆدێرن (جۆرج لۆکاش)، هەوڵیداوە شەنوکەوی ئەو دیاردانە بکات کە لە ئەنجامی جەنگ هاتوونەتە کایەوە. بۆ ئەو مەبەستەش هەردوو ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان و سەردەمی گریانی بەڵقیس وەك دوو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون و، پاڵپشت بە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك، تیشك خراوەتە سەر دیاردەی بەریەککەوتنی زارەکیی و گواستنەوەی بەهاکان، وەك دوو دەرئەنجامی جەنگ و کۆچ. ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە دوای ڕاگواستنی گوندەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان و ناوەندی شارەکان، بەریەککەوتنی زارەکی و گواستنەوەی بەهاکانی بۆ ناوەندی شارەکان لێکەوتۆتەوە، لای خەڵکانی شار دژایەتیکردنی خەڵکی گوند لە ئاستی توانجەوە تا ئاستی درووستبوونی گوتار دژ بە خەڵکی گوند بەرزبووەتەوە.

## 1. پێشەکی:

بەریەککەوتنی نێوان تاك، گرووپ، کۆمەڵگا، دەوڵەت و شارستانییەتییەکان، شێوەی جۆراوجۆرە، یاخود چەمکی جۆراوجۆری بۆ داتاشراوە، بۆ نموونە گرژی، دەمەقاڵێ، ڕکابەری، پێشبڕکێ، ململانێ. جەنگ هیچ کامێك لەوانە نییە بەتەنها، بەڵکو دەکرێت بگوترێت، ململانێی چەکدارانەیە، چونکە ئەوەی جەنگ لە شێوەکانی تری ململانێ و ڕکابەرییەکان جیادەکاتەوە، بریتییە لە بەکارهێنانی کەرەستەی جەنگ و زەبروزەنگ.

جەنگ، یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە سەرنجی زۆرێك لە توێژەرانی زانستە جیاوازەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەم گرنگیدانەی زانستەکان بەم دیاردەیە، پێشینەیەکی دوورودرێژی لە تێڕامانی مرۆڤایەتی بەگشتیی و بیرمەندان و فەیلەسوفان هەیە; ئەم گرنگیدانەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرگیری هەمیشەیی مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەم دیاردەیە بە درێژایی چاخ و سەردەمەکان. ئەم تێڕامان و گرنگیدانەش بوو بە باکگراوندێکی گرنگ بۆ بایەخدانێکی ووردتری زانستە جیاوازەکان بە جەنگ. یەکێك لەو زانستانەش بریتییە لە کۆمەڵناسی، کە وەکو لقێکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بایەخێکی

زۆری بە جەنگ داوە، وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، هەربۆیەشـــە لەناو ئەم لقە زانســـتییەدا، پێشینەیەکی تیۆری دەوڵەمەندمان هەیە.

جەنگ، دیاردەیەك نییە پەیوەست بێت بە سـەردەمانێکی دیاریکراوەوە و، کۆتایی هاتبێت و بووبێت بە مێژوو، بەڵکو پێشینەیەکی دوورووودرێژی هەیە، بەجۆرێك سەرەتاکانی نازانرێت; بۆیە دەکرێت بە ڕســـتەیەکی گشـــتگیر و بەشـــێوەی تێڕامان بگووترێت: لەوەتی مرۆڤایەتی هەیە و لەســـەر زەوی نیشـــتەجێیە، مێژووی جەنگیش بە ئەندازەی بوونی مرۆڤ لەســـەر زەوی کۆنە. بە ئەندازەی دێرینی ئەم دیاردەیەش، کاریگەرییەکانی قووڵ و درێژخایەنن، بەجۆرێك شـــێوازی ژیان، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چینبەندیی و ئەرکەکان و کۆی کولتووریش بەردەوام کەوتووەتە ژێر کاریگەری جەنگەکانەوە، یەکێك لەو کاریگەریانەشی لەڕێی شوێنگۆڕکێی جوگرافیی و کۆچی دانیشتوانەوە درووست دەبێت.

جەنگ و کۆچ، دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، ئەمەش چ لە ساتی جەنگدا بێت یاخود دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، چونکە بەهۆی ئاسەوارە ئابووری، سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، دانیشتوانی ئەو وولاتانەی دەرگیری جەنگن، تەنانەت دوای نەمانی جەنگەکانیش ناچار بە شوێنگۆڕکێی جوگرافی دەبن، ئەمەش پتر گەڕانە بەدوای ژیانێکی باشتر و ئارامتر و خۆشگوزەرانتر. هەرچی کۆچی ساتی جەنگەکانە، ئەوا دوو دیوی هەیە، ئەویش یان گەڕانە بەدوای شـــوێنێکی پارێزراو و دوور لە مەترســـی، یانیش کۆچکردنێکی ناچاریی و زۆرە ملێیانەیە، کە دەسەڵاتی سیاسی دەرەکی دوای داگیرکردنی دەوڵەتێکی تر ئەو ناوچانە بە نەتەوە یان نەژاد و ئایینزایەك چۆڵ دەکات، یاخود هەمان پرۆسە لەلایەن دەسەڵاتی ناوخۆییەوە ئەنجام دەدرێت.

لە نموونەکانی شـــیکاری ئەم توێژینەوەیەدا، کە بریتیین لە دوو ڕۆمانی ڕۆماننووســـی کورد (جەبار جەمال غەریب)، بەناوەکانی (کەوتنی ئاسمانەکان) و (سەردەمی گریانی بەڵقیس)، دوو شوێنگۆڕکێی جوگرافی بەدیدەکەیین، کە یەکێکیان بریتییە لە ئاوارەبوونی خەڵکی کوردســـتان بۆ وولاتی ئێران دوای نســـکۆی شـــۆڕشـــی ئەیلول، کە ئەم شـــوێنگۆڕکێیە کەمتر ئاســـەوارە کۆمەڵایەتییەکانی لەناو نموونەکانی شـیکاردا، ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئەوی تریان بریتییە لە ڕاگواسـتنی خەڵکی گوندەکان بۆ ناو شـار یاخود ئەو ئۆردوگایانەی لە نزیك شـارەکان بۆ دانیشـتوانی ڕاگوێزراوی گوندەکان درووست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کرابوون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەو کاریگەریانەی لەڕێی *میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك* و پاڵپشت بە تیۆری (جۆرج لۆکاش) بۆ شیکاری ڕۆمان، بخاتە ڕوو.

لەبەرئەوە، پاڵپشت بەو چوارچێوە تیۆریانە و، بە سەرنجدان لە بڕگەکانی ناو هەردوو ڕۆمانەکە، ***پرسی سەرەکی*** **توێژینەوەکە** بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ ئەم کۆچپێکردنە زۆرە ملێیەی گوندەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بووەتە هۆی بەرکەوتنی زارەکی نێوان خەڵکی شار و گوندەکان ؟ یاخود ئەم شوێنگۆڕکێیە جوگرافییە زۆرەملێیە وایکردووە بەهاکانی خێڵ و عەشیرەتەکان بۆناو شارەکان بگوازرێنەوە ؟

***ئامانجی سەرەکی*** **ئەم توێژینەوەیە** بریتییە لە شیتەڵکردنی دوو نموونەی تێکستی ئەدەبی، لەپێناو زانینی کاریگەرییەکانی جەنگ و کۆچپێکردنی زۆرەملێیانەی خەڵکی گوندەکان بۆناو شار یاخود ئۆردوگاکان، کە بە پرۆسەی (ڕاگواستن) ناسراوە. هەڵبەتە ئەوە دیاردەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە هەر جەنگێك کۆچکردنی بەدوادا دێت، ئەم کۆچکردنەش بەری نییە لە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی، جا چ ناوخۆیی بێت یاخود دەرەکی. هەروەها دەرخستنی ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییانەیە کە لەدوای ڕاگواستنەوە سەریان هەڵدا، لەسەرووی هەمووشیانەوە بەرکەوتنی زارەکی لەنێوان خەڵکی شار و گوند و گواستنەوەی بەهاکان بۆناو شارەکان.

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە** لەوەدایە کە تیشك دەخاتە سەر جەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتیی و کولتووری کۆمەڵگا، چونکە هەمیشە جەنگ وەك بەرکەوتەیەکی دیار، کۆی دیاردە و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە باس لە یەکێك لە لێکەوتەکانی جەنگ بکات، کە بریتییە لە کۆچ و ئەو گۆڕانکاریی و گرفت و دەرهاویشتانەی لە ئەنجامی ئەم شوێنگۆڕکێ جوگرافییە پەیدا دەبن. لەلایەکی تریشەوە یەکێك تر لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە بەکارهێنانی تیۆری *جۆرج لۆکاش* بۆ شیکاری تێکستی ئەدەبی، کە لای ئێمە تاوەکوو ئێستاش کەمتر بایەخی پێدراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2. میتۆد و تیۆرەکانی توێژینەوەکە

### 1.2. میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک (Content Analysis)

ئاشــکرایە میتۆدی ( شــیکاری ناوەڕۆک )، بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەســەردا هاتووە، بۆیە چەندیین پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، لە یەکێک لە پێناسەکاندا هاتووە: یەکێکە لە شیکاری ناوەڕۆکی بەرهەمێک. لەم ڕێبازەدا، کە هەندێک وەکو بەشـێک لە ڕێبازەکانی شـیکاری گێڕانەوەیی دەیناسـێنن، ئـامـانجەکەی بریتییە لە هەڵکۆڵینی نـاوەڕۆکی شــــاردراوەی تێکســتێـک (پور، 2009: 148). لە پێناســـەیەکی تردا هاتووە: یەکێکە لە شــێوازە باوەکانی توێژینەوە مرۆییەکان و، بەهۆیەوە بابەتی شیکارکراو بەشێوەی چەندێتیی و چۆنێتیی و سیستماتیک وەسف دەکرێت ( بۆکانی، 2016: 94).

کۆمەڵناســی ئەمریکی ( بێرنارد بێرلیســۆن )، یەکەمین کەســە کە ئەم میتۆدەی وەکو ســیســتمێکی شـیکاری سـەربەخۆ بەکارهێناوە. ئەو لە کتێبەکەییدا بەناونیشـانی ( شـیکاری ناوەڕۆک لە توێژینەوە پەیوەندییەکاندا )، بەمشێوەیە پێناسـەی شیکاری ناوەڕۆک دەکات: شێوازێکی توێژینەوەی وەسفی، چەندیی و سـیسـتماتیکە، بۆ شـیکارکردنی ناوەڕۆکی پەیوەندییە ئاشـکراکان ( سـاروخانی، 1996: 280).

کەواتـا دەتوانیین بڵێین: میتۆدی شــیکـاری نـاوەڕۆک یەکێکە لە میتۆدەکـانی نـاو زانســتە کۆمەڵایەتییەکـان و، بەکـارهێنـانێکی بەربڵاوی هەیە، بەڵام بۆ بـابەت و دیـاردەی تـایبەت، کە زیـاتر نووســین لەشــێوەی کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە و دەســتنووســیی و یادەوەرییەکان و...هتد، دەگرێتەوە، یاخود هەموو کەرەســتەیەکی بەکارهێنراوی ڕۆژانەیی، ئەمەش لەپێناو دۆزینەوەی مانا و دەلالەتی تایبەت و شاردراوەی پشتی نووسراوێک، یاخود هەر بابەتێکی تر.

### 2.2. شیکاری ناوەڕۆکی چۆنایەتی

مەبەسـت لە توێژینەوەی چۆنایەتی ئەوەیە کە زانیارییە بەدەسـتهاتووەکان بەڕێگای نائاماری یاخود هەر شــێوەیەکی چەندایەتی کۆکراونەتەوە. ئەڵبەتە ڕەنگە هەندێجار داتاکان بەشــێوەی ئاماریی و چەندایەتی بن، بەڵام شــرۆڤە و شــیکارکردنیان بەشــێوەی چۆنایەتی بێت. توێژینەوەی چۆنایەتی شێوەی هێمایی و شـیکاریانەی هەیە، بۆیە دەکرێت بەلای تاکەکانەوە مانای جیاجیا بەخۆوە بگرێت ( استراس، 2006: 17).

ئەم پێناسـەیەی سـەرەوە پێناسـیەکی گشـتی توێژینەوە چۆنایەتییەکانە، بەوپێیەش دەکرێت گوزارشتێکی ڕوونی شیکاری ناوەڕۆکی چۆنایەتیانەش بێت، هەربۆیەشە کاتێک چاو بەو پێناسانەدا دەخشێنین کە بۆ ئەم میتۆدە کراون، ناوەڕۆکەکەیان زۆر نزیکە لەم پێناسـەی سەرەوە، بۆ نموونە لە پێناسەیەکدا هاتووە: شیکاری ناوەڕۆکی چۆنایەتی میتۆدێکی لێکۆڵینەوەیە بۆ تەفسیرکردنی کرۆک و ناواخنی دێڕەکانی تێکستێک، لەڕێگای پرۆسەیەکی پلەبەندکردنێکی سیستماتیک و کۆدکارییەوە ( ایمان و نوشادی، 2011: 20).

لەپێناسـەیەکی تردا هاتووە: شـیکاری ناوەڕۆکی چۆنایەتی، دۆزینەوەی شـتێکە کە ناونراوە بە ( بونیادی مانایی ) تێکسـتێک یاخود ناوەڕۆکێک. دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان تایبەتمەندییەکان، نموونەکانی ناواخنی تێکسـتێک و، زەمینەکانیان، مەسـەلەیەکە پەیوەسـتە بە توانا و لێهاتوویی توێژەرەوە بۆ وەسفکردن و پلەبەندکردنیان ( صادقی، 2006: 118).

بۆیە دەتوانین بڵێین شـیکاری ناوەڕۆکی چۆنایەتی: میتۆدێکی توێژینەوەیە بەکاردەهێنرێت بۆ لێتوێژینەوەی ناوەڕۆکێک، جا چ نووسـراو بێت یان بینراو یاخود بیسـتراو، ئەویش بە ئامانجی هەڵێنجانی مانا و دەلالەتی ناوەڕۆکەکە و مەبەسـتی بەکارهێنراو، نەک چەندێتی دووبارەبوونەوەی ووشەیەک یان ناوێک.

سـەبارەت بە نموونەی توێژینەوەکە، لەبەرئەوەی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ( جەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا )، بۆ نموونەی توێژینەوەکە سوود لە دوو تێکستی ئەدەبی وەرگیراوە ئەوانیش بریتیین لە دوو ڕۆمانی ڕۆماننووسـی کورد (جەبار جەمال غەریب)، بەناوەکانی (کەوتنی ئاسـمانەکان) و (سـەردەمی گریانی بەڵقیس). ئەگەرچی ئەم دوو ڕۆمانە بەم دواییانە نووسـراون و چاپ بوون، بەڵام هەردووکیان باس لەسەردەمانێك دەکەن کە باشووری کوردستان بۆماوەیەکی درێژ دەرگیر بوو لەگەڵ کۆمەڵێك جەنگی جیاجیا، ئەو ماوانەش بریتیین لە دەیەی شـەسـتەکانی سـەدەی بیسـت. بۆیە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ کاریگەرییەکانی جەنگ بەسـەر کەسـایەتیی و ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو ئەم دوو ڕۆمانە دیار و بەرچاون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3.2. تیۆی جۆرج لۆکاش

جۆرج لۆکاش (١٨٨٥-١٩٧١)، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر بیروبۆچوونەکانی تیۆری ڕەخنەیی (زێباری، 2017: 139). لۆکاش بەیەکەمین ڕەخنەگری بەرجەستەی مارکسیستی دادەنرێت و، بونیادنەری کۆمەڵناسی ئەدەبیاتیشە، ئەویش بە پشت بەستن بە ئەدەبیاتی ڕیالیزمی، کە پێی وایە نیشاندەرەوەی ڕاستەوخۆی واقیعی کۆمەڵایەتییە. بە گووتەی ژان ئایوتادیە، لۆکاش بەتەواوی بەسەر کۆمەڵناسی ئەدەبیات لە سەددەی بیستەمدا باڵادەستە (سلدون و ویروسون، 1998: 101). ئەو بۆ شیکاریی و توێژینەوەی بەها ئەدەبیەکانی، رووودەکاتە ئەدەبیاتی کلاسیک. پاڵەوانانی کولتووری ئەو لەناو ڕۆمانووسانی ئەوروپایی بریتیین لە گۆتە، سکارت، بالزاک، ستنداڵ، تۆڵستۆی، دۆستۆیۆڤسکی، گۆرکی، تۆماس مان و...هتد (لۆکاچ، 1994: 74). توێژینەوەکانی لۆکاش ئەوەیان دەرخستووە کە کەسایەتی تەواوی ڕۆمانە مەزنەکان خۆبەخۆ تێدەگەن چ ململانێیەک لەنێوان دوونیای یۆتۆپیا و جیهانی واقیعی مێژووییدا هەیە. هیگڵیش بە سەرنجدان لەم خاڵەیە بوو کە ڕۆمانی بە داستانی مۆدێرنی بۆرژوازی دانا. بە بۆچوونەکانی لۆکاش، هیگڵ بە ناساندنی ڕۆمان وەکو داستانی بۆرژوازییەت، بابەتی جوانیناسیی و مێژوویی وێکڕا دێنێتە پێشەوە و، بناغەیەکی پتەویش بۆ تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان دادەنێت (علایی، 2001: 25).

لە دیدی لۆکاشەوە، رۆمان گەڕانێکە بەدوای مانادا، واتایەک کە لە ڕابردوودا لەناو داستانی کۆندا یاخود دەرەبەگایەتیدا بوونی هەبوو و بەرچاو بوو، بەڵام ئیتر بەمشێوەیە نەماوەتەوە. پاڵەوانی ڕۆمان دەبێت بدۆزێتەوە یاخود بئافرێنرێت و، ئەم پاڵەوانە کەسێکی پەراوێزە و خاوەن دۆزێکیشە، دەبێت ڕووبەڕووی واقیعێکی کۆمەڵایەتی ببێتەوە کە بێبەرییە لە هەر واتایەک، هەوڵی پەیگیرانەشی بە شکست بە کۆتا دێت. بیرۆکەی بنەڕەتی تیۆری ڕۆمان لای لۆکاش بریتییە لەو گریمانە هیگڵیەی کە پێیوایە لە کۆمەڵگای مۆدێرنی بۆرژوازی، یەکانگیری کۆن (یۆنانی) لەنێوان زەین و دەرەکیەتدا، سڕاوەتەوە و نەماوە (شکری، 2007: 104).

مەبەستی لۆکاش لێرەدا ئەوەیە کە ئەو یەکانگیریی و یەکێتیەی لە ڕابردوودا هەبوو، نەماوە و کۆتایی هاتووە، ئەم بیرۆکەیەی بەرئەنجامی خوێندنەوە و قوڵبوونەوەیەتی لە دوونیای ئەدەبیات و بە تایبەتیش ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی، بەواتای پاڵەوانی ڕۆمانەکانی وەکو نموونەیەکی بەرجەستەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەنیایی و هەوڵی بێوچانی تاکەکانی دوونیای واقیعی ڕۆژانە وەرگرتووە کە بە تاک تیایدا بەردەوام لە هەوڵی بێوچاندایە بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەک و گەیشتن بە ئامانجەکانی.

یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری ڕۆمان لای لۆکاش بریتییە لە چەمکی (واقیع). ئەو چەمکە لای ئەو بەکارهێنانێکی تایبەتی هەیە، ئەو کاتێک ئاوڕ لە ڕۆمانەکانی جۆیس و کافکا دەداتەوە، بۆ ئەوەیە کە دوونیای دەروون وەک بەشێک لە واقیع تەماشا بکات، نەک وەک تەواوی واقیع، واتا ئەو بەرهەمانە وەکو بەشێک لە دوونیای مۆدێرن تەماشا دەکات نەک هەمووی. لۆکاش پەسەندی ئەو جۆرە ڕیالیزمە دەکات کە مرۆڤ وەکو گشتێک و یەکپارچە، واتا وەکوو دەروون و جەستە، بەرجەستە دەکات و دەیهێنێتە سەر شانۆ. هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە لۆکاش سەبارەت بە ئەرکی ڕیالیزمی وەکو ئاوێنەی واقیع دەڵێت: ئەو پەیامەی کە نووسەر مەبەستییەتی بیگەیەنێت کەمبایەخترە لەو شتەی کە لە واقیعدا مانیفێست بووە، ئەوەش لەو سۆنگەوەیە کە نووسەر لە ئەنجامی دەرخستنی واقیعێک، وەسفی شتێکی کردبێت کە بە هیچ جۆرێک ئەو مەبەستەی نەبووە. (لۆکاچ، 1994: 14). ئەمە لایەنێکی گرنگی ناو تیۆرەکەی لۆکاشە، چونکە ئەو لەو بڕوایەدایە نووسەری ڕۆمان هەڵگری پەیامێکە، بەڵام بەدرێژایی نووسینی ڕۆمانێک، واقیعێک خۆی دەنوێنێت کە نەک هەر نووسەر ئەو مەبەستەی نەبووە، بەڵکو بەتەواوی دوورە لە مەبەستی ئەوەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دژایەتیشی نییە لەگەڵ واقیعدا (هەڵبەتە مەبەستی لۆکاش لێرەدا ئەدەبی ڕیالیزمە). ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە خوێنەر یان توێژەر پێویستە لەکاتی خوێندنەوەدا پەی بەو واتا شاراوەیە بەرێت، کە تەنانەت نووسەرەکەش پەی پێ نەبردووە. لێرەوەیە لۆکاش ووتەی یەکێک لە ڕەخنەگرانی ڕووس بە نموونە دێنێتەوە کە دەڵێت: (بەرهەمێکی هوونەری ڕەنگە هەڵگری بیرۆکەیەکی تایبەت بێت، ئەوەش نەک لەو ڕووەوەی کە نووسەر لەساتی نووسیندا ئەو بیرۆکەیەی هەبوە، بەڵکو لەو سۆنگەیەوەیە کە واقیع لە ڕەهەندی جیاجیاوە کاریگەری لەسەر ئەو داناوە و، ئەو بیرۆکەیەش بەشێوەی خۆبەخۆ فراژۆ بووە) (لۆکاچ، 1994: 14-15).

لۆکاش ئەو بیرۆکەیەی لە مارکسەوە گواستۆتەوە و، خۆیشی بە ڕوون و ڕاشکاوی دانی بەوەدا ناوە. ئەو لە کتێبی (ڕۆمانی مێژوویی) بەم جۆرە گووتەیەکی مارکس دەگوازێتەوە: ( ڕۆڵی ستیوارت لە شرۆڤەکردنی سەرمایەدا نیشاندانی پرۆسەی جیابوونەوەی هێزی کارە لە هەلومەرجی بەرهەمهێنان،

کە لە خاوەندارێتیدا چینی تایبەت بوونی هەیە. ئەو لەو پرۆسـێسـەی پەیدابوونی سـەرمایەدا، تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە-بێ ئەوەی تا ئەوکاتە پەی بەمانای ووردی ووشـەکە بردبێت ). ئەم بێ ئاگاییەش کەلەناو زانسـتدا بوونی هەبووە و نا ئاگایش لە توانای دیاریکردنی قۆناغی مێژوویی، هەمان تایبەتمەندیش بەسـەر ڕۆمانە گەورەکانی ئینگلتەرادا دەچەسـپێت (لۆکاچ، 2012: 17-18). بەکورتی لۆکاش لەم تێزەدا مەبەسـتی ئەوەیە کە واقیع ئەوەندە خۆسـەپێنە، تەنانەت نووسـەران بیرۆکەیەک بەیان دەکەن، بەبێ ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەوان بووبێت.

یەکێکی دیکە لە چەمکە سـەرەکیەکانی لۆکاش بریتییە لە گشـت (Totality). مەبەسـتی لۆکاش لە گشت ئەوەیە کە باڵادەستە بەسەر هەموو بەشەکان، بۆ نموونە تەواوی زانستەکان گشتێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیین. بەواتایەکی تر، زانسـتەکان وەکو دیار دەکەون، بوونێکی سـەربەخۆیان نییە، بەڵکو هەموویان دەکەونە ژێر ناونیشـانێکەوە کە دیالێکتیکیی و مێژووییە. لێرەوە لۆکاش پێی وایە کە تێگەیشـتن لە هێزە دیاریکەرەکانی مێژوو، کە دەرە خواسـت و ئاگایی مرۆڤن، ئاڕاسـتەمان دەکات بەرەو تێگەیشتن لە گشتێتی ژیانی کۆمەڵایەتی (راودراد، 2013: 73).

واتا لۆکاش تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا دەخاتە ناو بازنەیەکی کۆمەڵایەتیی و مێژووییەوە و، وێکڕا ڕۆڵیان دەداتێ و ڕۆڵی تاکایەتی بزر دەکات، ئەویش لەناو بۆتەی ژیانێکی کۆمەڵایەتی دەستجەمعیدا کە ئەو ناوی ناوە *گشت*.

لۆکاش لەڕێی ئەدەبیاتەوە هاتووە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی شیدەکاتەوە و پێمان دەناسێنێت، بۆ نموونە پێیوایە لە دوونیایەکدا کە مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا هەماهەنگە و هیچ کێشـەیەکی لەگەڵ تێگەیشـتن لە مانای بوون نییە، داسـتان لەدایک دەبێت. لە دۆخی تراژیدی مرۆڤدا، وەکو بڵێی کەوتووەتە بەرامبەر دوونیاوە و، بۆ تێگەیشـتن لە دوونیا ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەبێتەوە و لێرەوە چارەنووسـێکی تراژیدی چاوەڕوانییەتی. بەڵام لۆکاش پێیوایە ڕۆمان سـەر بە دوونیایەکی ترە، لەم دوونیایەدا مانا لەدەسـتچووە. ئەم دوونیایە ئیتر دوونیای شـاعیرانە نییە و واقیع خۆی بەسـەر مرۆڤەکاندا سەپاندووە. لە دوونیایەکی لەم شێوەیەدایە کە مرۆڤەکان لەڕێی نووسین و خوێندنەوەی ڕۆمانەوە هەوڵدەدەن هەلومەرجی نوێی خۆیان باشتر قبوڵ بکەن (لۆکاچ، 2001: 47-48).

بەگشـــتی هەوڵی لۆکاش لەبواری ئەدەبیـاتدا پەیوەســتکردنی بەرهەمە بە بوونیـادی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەوە، بۆیە ئەو جەخت لەسەر کاریگەری هەولمەرجی کۆمەڵایەتی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی دەکاتەوە. لەدیدی لۆکاشەوە، داننان بە دوونیای دەرەکی، بنەڕەتی تێگەیشتنە لە واقیع، کە بە بوونێکی ســەربەخۆی لە ئاگایی مرۆڤ هەیە، بەڵام تێگەیشــتن لە دوونیای دەرەکی لەڕێی کاریگەرییەکانیەوە دەبێت لەســەر ئـاگـایی. بۆیە بەرهەمە ئەدەبیەکـانیش لەو یـاســـایە بەدەر نیین، بەڵکو ئەوانیش ڕەنگدانەوەی واقیعن (ستودە، 1999: 74-77).

## 3. کەوتنی ئاسمانەکان

ئەم ڕۆمانە لە ســاڵی (2016) لە لایەن ناوەندی ڕۆشــنبیریی و هونەری ئەندیشـــەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. شــوێنی ڕووداوی ڕووداوەکانی بریتیین لە شــارەکانی (ســلێمانی، کەرکوك، هەولێر و بەغداد)، بەشێکی تری ڕووداوەکانی دەکەونە وڵاتی (ئێران)ەوە.

ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باس لە کوڕێك دەکات بەناوی (فوئاد) کە خەڵکی شــاری ســلێمانییە و پیشـــەی شـۆفێری تەکسییە. پەیوەندی خۆشـەویسـتی هەیە لەگەڵ کچێکی تورکمانی کەرکوك بەناوی (یولْدز نوور)، بەڵام برای کچە و خزمەکانی بە هاوســەرگیرییان ڕازی نابن. بۆیە فوئاد بەناچاری لە شـــاری ســلێمانی هاوســەرگیری لەگەڵ کچێك دەکات بەناوی (ئەڵماس). نۆبەرەی هاوســەرگیریان کچێکە و ناوی دەنێن (ئاسکۆڵ). پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك یولْدز نوور دێتە شاری سلێمانیی و سۆراغی فوئاد دەکات و دەیبینێتەوە. فوئاد لەگەڵ کچە تورکمانەکە دەگەڕێتەوە شــاری کەرکوك، ئەوەش ئەو کاتەیە کە برای ئەو کچە لە ســـەربازی هەڵاتووە و ڕووی کردۆتە وڵاتی تورکیا. دایك و باوکی کچەکە بە هاوســـەرگیریان ڕازی دەبن، بەڵام بەبێ ئەوەی فوئاد ئەوە لای یولْدز و دایك و باوکی بدرکێنێت کە هاوســەرگیری کردووە و خاوەنی منداڵێکە. فوئاد دوای ئەنجامدانی هاوســەرگیری لەگەڵ یولْدز، کوڕێکیان دەبێت ناوی دەنێن (زەینعابدین).

بەهۆی ئەوەی جەنگی عێراق-ئێران دەســتپێدەکات، فوئاد بەناچاری بانگهێشــتی ســەربازی دەکرێت. ڕۆژێك لە سەربازگەکە بانگهێشت دەکرێن و مۆڵەتی مانگێکی پێدەدەن بۆئەوەی سەردانی خانەوادەی بکاتەوە لە کەرکوك. کە دەگەڕێتەوە کەرکوك، هەواڵی مەرگی یولْدز و دایکی پێدەدەن، بەهۆی تەقینی بوتڵی غازەوە. باوکی یولْدز، زەینعابدینی دەداتەوە، چونکە دەڵێ ناتوانم بەخێوی بکەم. ئەویش هەر

لەو ڕۆژەوە ناوی زەینلعابدین دەگۆڕێت بۆ ئاسـۆ و دەیهێنێتەوە بۆ ماڵەکەی تری لە سـلێمانیی و دەیداتە دەستی ئەڵماسی هاوسەری تا بەخێوی بکات، ناڵێ منداڵی خۆمە، بەڵکو دەڵێ ئەو منداڵە دایك و باوکی لە ڕووداوی هاتوچۆدا مردوون و منداڵەکەش بێ کەسوکارە.

پاشـان فوئاد دەگەڕێتەوە سـەربازیی و دەبێتە دیلی ئێرانییەکان، بەو هۆیەشـەوە هەژدە سـاڵ لە زیندانەکانی ئێران بەسەردەبات. لەلایەکی تریشەوە منداڵەکانی (ئاسکۆڵ و ئاسۆ) گەورە دەبن و، ئەوە بۆ ئاشـکرا دەکەن کە ئەو کوڕی ڕاسـتەقینەی (فوئاد و ئاسـۆ) نییە و هەڵگیراوەیە، ئەمەش سـەرەتای بەخۆنامۆبوونی ئاسۆیە، بەڵام دواتر ئەڵماس و کچێکی هاوسێیان بەناوی (زولێیخا) پێشنیار بۆ ئاسۆ دەکەن تا هەوسـەرگیری لەگەڵ ئاسـکۆل بکات، چونکە هەر لە منداڵییەوە ئاسـکۆڵ دەزانێت کە ئەو کوڕە برای نییە و هەڵگیراوەتەوە، بۆیە خۆشـی دەوێت و دەیەوێت هاوسـەرگیری لەگەڵدا بکات، ئاسـۆش بەو پێشـنیارە ڕازی دەبێت و هاوسـەرگیری دەکەن. پاش هەژدە سـاڵ لە دیلێتی، فوئاد ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە لای خانەوادەکەی لە سـلێمانی. هەر ئەو سـاتەی کە بە دیداری خانەوادەکەی شاد دەبێتەوە، هەواڵی ئەوەی دەدەنێ کە ئاسکۆڵ و ئاسۆ هاوسەرگیریان کردووە و منداڵێکیان هەیە. لێرەوە هەموو خۆشییەکانی شـادبوونەوەی بە یەکتری تێکدەچێت، چونکە فوئاد ئەوە ئاشـکرا دەکات کە ئاسـۆ منداڵی خۆیەتی و بە پەنهانی هاوسـەرگیری لەگەڵ کچێکی تورکماندا کردووە. لێرەوە ئەو خانەوادەیە پەرتەوازە دەبن. ئاسـۆ لەلایەن گرووپێکی تیرۆریسـتییەوە بۆ خۆتەقاندنەوە پەروەردە دەکرێت، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی ئەمە باشـترین ڕێگایە بۆ پاکبوونەوە لە تاوانێکی گەورەی وەکو هاوسەرگیری لەگەڵ خوشـکی خۆی. ئاسکۆڵیش بەهەمانشێوە، باری دەروونی تێکدەچێت و، لەلایەن هەمان گرووپە توندئاژۆکەی ئاسـۆوە دەخرێتە ژێر قەمچکارییەوە و گیان لەدەسـتدەدات، دایکیشـی بەهەمانشێوە و هەمان گرووپ بۆ پاکبوونەوەی لە تاوان قامچکاری دەکەن و گیان لەدەستدەدات.

جێگای ئاماژەیە، جەنگ تەواوی تانوپۆی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەی داگیر کردووە. شـوێن و کات لەم ڕۆمانەدا بەتەواوی ڕاستەقینەن و، کەسایەتیی و پیشهاتەکانیشی بەتەواوی گوزارشتن لە قوربانیی و بویـەری دوای جـەنگی، لـەوانـە نـامۆبوون، دیـاردەی کۆچ یـاخود ڕاگواسـتن، نـەمـانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی و سـەرهەڵدانی توندوتیژی، هەژرای، گۆڕانی ئەرکەکان، تێکچوونی باری دەروونیی و، زۆر دیاردە و ڕەفتاری تریش، کە جەنگ بەدوای خۆیاندا دێنێت.

## 4.سەردەمی گریانی بەڵقیس

ئەم ڕۆمانەش بەرهەمی ڕۆماننووس (جەبار جەمال غەریب)ە، لە ساڵی (2018) لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری ئەندێشەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەم ڕۆمانەشدا شوێنی ڕووداوەکان بریتیین لە شارەکانی (سلێمانی، هەولێر و بەغداد).

تەوەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە تەرخانە بۆ باسکردن لە پەیوەندی خۆشەویستی دوو گەنجی کورد بەناوەکانی (سەروەر) و (نیان). ئەم دوو گەنجە قوتابی زانکۆن و لەشاری بەغداد دەخوێنن. سەروەر خەڵکی هەولێرە و نیان خەڵکی سلێمانی. ماڵی (نیان)، خێزانێکی ناوداری سلێمانیین و لەو شارە بەناوی (کەمالی بەزاز) ناسراون. هەرچی ماڵی (سەروەر)ە، خێزانێکی هەژاری نیشتەجێی شاری هەولێرن.

نیان و سەروەر دوای ئەوەی دەچنە زانکۆ و دەبنە قوتابی، یەکتر دەناسن و پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانیاندا درووستدەبێت. سەرەنجامی ئەو پەیوەندییە تراژیدیایە.

ئەگەرچی ئەم ڕۆمانە تەرخانە بۆ باسکردن لە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان ڕەگەزی مێ و نێر، بەڵام بەهۆی ئەوەی زەمەنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەکەوێتە سەردەمێکی پڕ لە جەنگ و پشێوی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لە عێراق و کوردستان، بۆیە لەپشتی هە دێڕێکەوە هەست بە جەنگ و قوربانیی و کاریگەرییەکانی دەکرێت.

لەم سۆنگەیەوە نووسەری کورد (د.هاشم ئەحمد زادە)، باش بۆی چووە، کاتێك سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە دەڵێت: دەیەی شەست، دەیەی لەدایکبوونی کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکەیە و، دەیەی هەشتاش، سەردەمی ئەڤینداریی و جموجۆڵی کۆمەڵایەتیی و زانستیانەیە. دەیەی شەست وەکو دەزانین دەیەی بیچمگرتنی کۆماری عێراقە و خەباتی کوردانیش هەر لەم دەیەیەدا بەربڵاودەبێتەوە و کاردەکاتە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عێراق بەگشتیی و کوردستان بەتایبەتی (زادە، 2018: 32).

لێرەوە دەتوانیین بڵێین، ئەگەرچی تەوەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە وەکو نموونەکەی تری توێژینەوە، باس و خواسەکانی ڕاستەوخۆ لەباسی جەنگ نادوێن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کات و شوێنی ڕووداوەکانی هەردوو ڕۆمانەکە بەنزیکەیی وەکو یەکن، بۆیە چۆن لە ڕۆمانی (کەوتنی ئاسمانەکان)دا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەتەواوی دیمەنەکانی ناوی بریتیین لە قوربانی، گریان و شـــینگێڕی، نامۆبوون و هەژاریی و، زۆر لێکەوتەی تری جەنگ، بەهەمانشـــێوە ڕۆمانی ســـەردەمی گریانی بەڵقیس تارماییەکانی جەنگی تیادا بەدی دەکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

لێرە بەدواوە هەوڵدەدەیین کاریگەرییەکانی جەنگ لەســەر کۆمەڵگا باس و شـرۆڤە دەکەیین، ئەویش لەڕێگای شیکارکردنی نموونەکانی توێژینەوەکەمان[2].

## 5. جەنگ

جەنگ، یەکێکە لە درێژترین و ئاڵۆزترین دیاردە مێژوویی-کۆمەڵایەتییەکان، تا ئێســـتا ڕوون نییە سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە، سەرەتایەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ نەبوونی هیچ بەڵگەیەکی نووسراو و تۆمارکراو لەسەردەمە بەراییەکاندا دەگەڕێتەوە. بەڵام بەسەرنجدان لە تۆمارە مێژووییەکان و مێژووی نوێ و ڕەفتاری تاک و گرووپ و دەوڵەتەکان، لەســـەردەمی ئەمڕۆماندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مێژووی جەنگ بەستراوەتەوە بە سەرەتای جێگیربوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، چونکە بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان واتای دابەشبوونیانە بەسەر گرووپ، چین، ئایدیۆلۆژیای و بەرژەوەندی جیاجیا، هەمیشـــە ئەم دابەشـــبوونانەش بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی بەدوادا هاتووە و زۆر جار جەنگی درێژخایەن و تاقەتپڕوکێنی لێکەوتۆتەوە. درێژی مێژووی جەنگ و هۆکار و ئەنجام و لێکەوتەکانی، وایکردوە زۆرێک لە زانســـتە مرۆڤایەتییەکان بپرژێنە ســـەریی و شـــرۆڤەی جیاجیای بۆ بکەن، ئەمەش بەگوێرەی ئەو میتۆد و ڕێکارانەی کە زانستەکان بۆ گەیشتن بە ئەنجامی زانســـتی بەکاری دەهێنن، ئەگەر چی لەناو زانســـتەکانی وەکو ڕامیاری، فەلســـەفە، کۆمەڵناســـی، دەروونناســـیی و پزیشـــکیدا ئاڕاســـتەی جیاواز هەنە، بۆ لێکۆڵینەوە لە جەنگ، بەڵام دەتوانین بڵێین هەموویان لەژێر چەتری ئەم پرسیارانە سەبارەت بەم دیاردە مێژوویی-کۆمەلایەتییە کۆدەبنەوە، کە:

---

[2] -تێبینی: لێرە بەدواوە، هەرکاتێك ووشە، ناو، رستە، یاخود پەرەگراف لە ڕۆمانی (کەوتنی ئاسمانەکان) وەرگیرا، ئەوا لەبری نووسینەوەی ناوی نووسەر تەنها ئاماژە بە ساڵی (2016) و ژمارەی ئەو لاپەڕەیە دەدرێت کە لێیەوەرگیراوە. هەرچی سەبارەت بە ڕۆمان (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ە، ئەوا بە ساڵی (2018) لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەکەی ئاماژەی پێدەکەین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاخۆ جەنگ چییە؟ هۆکارەکانی چین؟ شێوە و کەرەستە و پاساوەکانی چین و چۆنن؟ هەروەها ئەو لێکەوتانە چین کە جەنگ لەدوای خۆی لەسەر تاک، گرووپ و کۆمەڵگا، بەجێیان دەهێڵێت.

### 1.5. پێناسەی جەنگ

رەنگە پرسیاری جەنگ چییە یەکێک بێت لە گشتگیرترین پرسیار لای هەموو ئەو بیرمەند و توێژەرانەی کە لەناو زانست و کایە جیاوازەکاندا کارییان لەسەر بابەتی جەنگ کردووە. هەروەکو ئاماژەمان پێکرد جەنگ یەکێکە لە دێرینترین سیماکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤ جیاواز لە بوونەوەرانی دیکە هەمیشە هەوڵی باڵادەستبوونی داوە، ئیتر ئەم باڵادەستبوونە بەسەر سروشتدا بێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی ماددەکانی ناوی، دابینکردنی پێداوسیتییە فسیۆلۆژییەکانی تا بازدان بۆ کەڵەکەکردن و وەسەریەکخستنی زیاتری سامان و سەرمایە. یاخود خواستی باڵادەستبوونی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و کولتووری.

بەپێشکەوتنی زیاتری مرۆڤایەتیی و دۆزینەوەی کەرەسەی زیاتر و داهێنانی ئامێر و چەکی پێشکەوتوو، سیمای جەنگەکان گۆڕاون و لەگەڵیشیدا ئاکامەکانی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەشدا پێناسەکانیش بۆ جەنگ لەسەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر و روانگە و دیدی زاناکانیش بەپێی هەلومەرج و قۆناغەکان گۆڕانکارییان بەخۆوە بینیووە.

تیۆرڤانی بواری جەنگ (کارڵ فۆن کلاوزەڤیتز) لە کتێبی (دەربارەی جەنگ)، بەمشێوەیە پێناسەی جەنگ دەکات: جەنگ، شتێک نییە جگە لەبەردەوامی سیاسەت، بەڵام بەشێوەیەکی تر (هاوارد، 1998: 69). واتا کلاوزەڤیتز جەنگ وەکو کەرەسەیەکی ململانێی دوو بەرەی دژ بەیەک دەبینێت، کە هەریەکەیان خواستی سەپاندنی ویست و ئیرادەی خۆی هەیە بەسەر ئەویتردا، هەروەکو چۆن بەشێوەی تریش بەرە ململانێکەرەکان لەشێوە و تایپی سیاسیتردا خواستێکی هاوشێوەیان هەیە، واتا جەنگ یەکێکە لە ڕووکارەکانی سیاسەتکردن.

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، پێناسەی جەنگی کردوە بە هەر دوژمنایەتیی و ململانێیەکی نێوان بوونەوەرە زیندوەکان، هەروەها لە فەرهەنگی (ویبستێر)دا هاتووە: جەنگ واتای ڕاگەیاندن و دەرگیری چەکدارانەیە لەنێوان دەوڵەتان یان گەلاندا (محی الدین، 2018: 16).

کۆهینی پێیوایە جەنگ هونەری ڕێکخســـتن و بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکانە بۆ بەدەســـتهێنانی مەبەست و ئامانجەکان (شیرودی، 2008: 1). زانای ئەنسرۆپۆلۆژی (مالینۆڤسکی)، جەنگی وا پێناسە کردووە کە ململانێیەکی چەکدارانەی نێوان دوو کیانی سـیاسـی سـەربەخۆیە، کە لەڕێی سـوپایەکی ڕێکخراوەوە هەڵدەدەن ئامانجە سیاسیی و نیشتیمانییەکانیان بەدەستبهێنن (الليثي، 2019: 158). هەرچی گاسـتۆن بۆتۆڵا لە کتێبی (کۆمەڵناسـی جەنگ)دا پێناسـەیەکی گشـتگیر بۆ جەنگ دەخاتە ڕوو دەڵێـت: جەنـگ، ململانێیەکی چەکـدارانە و خوێنـاوی نێوان گرووپە ڕێکخراوەکـانە (بوتول، 1989: 33).

ئەوەی لەم پێناسـانەی سـەرەوەدا بەدیدەکرێت ئەوەیە کە جەنگ وەکو ململانێیەکی چەکدارانە دەناسـێنن و هاوکات دەیبەسـتنەوە بە کردەیەکی ئاگامەند و هۆشـیارانەی بەرە دژ پێکەکان، ئەمەش لەڕێی بوونی هێزی ڕێکخراو و ئامادەکراو، هەروەها بوونی ئامانجی سیاسی لە ململانێ و پێکدادانی چەکدارانە، ئەوەی لەم پێناسـانەی کە بۆ جەنگ کراون بزرە ئەوەیە کە هیچ کامێکیان باس لەو ئاکامە کۆمەڵایەتییانە ناکەن کە جەنگ بەدوای خۆیدا دێنێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا مەبەســـت لە جەنگ بریتییە لە: ململانێیەکی توند و ڕێکخراوی دوو گرووپی کۆمەڵایەتی ســـەربەخۆ یان زیاتر، ئامانجە گشتیەکەی بریتییە لە زاڵبوون و هەژموون لە توندترین شێوەشیدا هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی ئەویتر.

### 2.5. جەنگ و کۆچ؛ بەریەککەوتنی زارەکیی و گواستنەوەی بەهاکان

جەنگ، تەواوی دیاردە و ژیانی کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، شـــێوەی ژیانی ئاســـایی ڕۆژانەی تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت و تەواوی پرۆســێســە کۆمەڵایەتی و کارلێکەکانی ناوی شێوەی جیاواز و ئاوارتە بەخۆوە دەگرن؛ ئەم کاریگەریانەش تەنها ساتەکانی بەردەوامی جەنگ نـاگرێتەوە، بەڵکو زۆرجـار دوای تەواوبوونی جەنگەکـانیش پرۆســێس و کـارلێـک و دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان، شـــێوەی پێش جەنـگ وەرنـاگرنەوە. یەکێـک لەو دیـاردانەی کە ئـامـادەگییەکی هەمیشـــەیی هەیە لەســـاتی جەنگدا، بریتییە لە کۆچکردن؛ بەجۆرێک دەتوانین بڵێین، جەنگ و کۆچ، دووانەیەکی لێکدانەبڕاون. لەهەر شـــوێنێک جەنگ ڕوویدابێت، ئەوا کۆچکردنیش ئەگەری ڕوودانی هەیە، ئیتر ئەم کۆچکردنە کاتی بووبێت یان هەمیشەیی، خواستەکی یان زۆرەملێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆچکردن بەهۆکاری جەنگەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ جۆر و شێوەکانی تری کۆچکردندا هەیە، چونکە ئەوە تاک و گرووپەکان نیین کە بڕیار لەسەر کۆچ و شوێنگۆڕکێیی جوگرافی دەدەن، بەڵکو ئەوە هەلومەرجی داسەپاوی جەنگییە ئەوان ناچار بە هەڵکەنران لە زێدی خۆیان دەکاتەوە. هەر لە کۆنەوە، کۆچ و شوێنگۆڕکێیی جوگرافی بەشێک بووە لە کۆمەڵگای مرۆیی و"هۆکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، نەتەوەیی و سیاسی، پاڵنەری پشت شوێنگۆڕکێ جوگرافییەکانن"(زادە، 2019: 244).

دیاردەی کۆچ، بابەتی تێڕامانی زۆرێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو کۆمەڵناسی، دەروونناسی، ئابووری، جوگرافی و سیاسی بووە؛ هەریەکە لەو زانستانەش بەگوێرەی میتۆد و گۆشەنیگاکانی خۆی، دیاردەی کۆچی خستووەتە بەر توێژینەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە تووشی فرەیی لە ناساندن و پێناسکردنی ئەم دیاردەیە ببینەوە.

بروس کوهن پێیوایە: شوێنگۆڕکێیی جوگرافی، دیاردەیەکە هۆکارەکانی پشتی بریتیین لە کەمی خۆراک لە شوێنێکی دیاریکراو، ئەشکەنجە و ئازار، جەنگ، توندوتیژییە نەتەوەیی و ئیتنییەکان(اسماعیلی و راد، 2017:4). نەتەوە یەکگرتووەکان کۆچی پێناسە کردووە بە: شێوەیەکی شوێنگۆڕکێیی جوگرافی کە لەنێوان دوو یەکەی جوگرافی جیاوازدا ڕوودەدات(زادە، 2019: 244).
لەناو زانستی کۆمەڵناسیدا، دیاردەی کۆچ لە دوو گۆشەنیگاوە لێی دەڕوانرێت، ئەویش هۆکارەکانی کۆچ و ئەو دەرهاویشتە کۆمەڵایەتییانەن کە لە کۆچ دەکەونەوە، کە هەمیشە پەیوەستن بە هۆکار و شێوەی کۆچکردنەکە.
کۆچکردن بە پێوانەی شوێن دوو شێوەی هەیە، ئەوانیش:
1-"کۆچی ناوخۆیی: بریتییە لە کرداری شوێنگۆڕکێیی تاک و گرووپەکان لەچوارچێوەی سنوورێک یاخود دەوڵەتێکدا، وەکو(لە گوندەوە بۆ شار).
2-کۆچی دەرەکی: بریتییە لە شوێنگۆڕکێیی کۆمەڵێک لە تاکەکانی کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر یاخود دەوڵەتێک بۆ دەوڵەتێکی دیکە.
پێوانەیەکی تریش هەیە بۆ پۆلێنبەندی کۆچکردن، ئەویش بەگوێرەی ئیرادە دوو شێوەی هەیە:

1-کۆچی خواستەکی: ئەم جۆرە لە کۆچ پەیوەستە بە خواستی کۆچبەر بەبێ هیچ فشار و زۆرلێکردنێک.

2-کۆچی زۆرەملێ: ئەم جۆرە لە کۆچ پەیوەستە بە جەنگ، شۆڕش و بارودۆخی سیاسی و ئابووری دەوڵەتەوە. ئەم جۆرە لە کۆچپێکردنی زۆرەملێ، پتر هۆکاری سیاسی لەپشتە، وەکو هاتنە ناوەوەی هێزی سەربازی دەوڵەتێک بۆ ناو سنووری دەوڵەتێکی تر و کۆچکردنی ناچاریانەی هاوڵاتیان، یاخود فشاری سیاسی ناوخۆ، لە ئەنجامی شۆڕش و کودەتای سەربازی و جەنگی ناوخۆیی(عمر،2020: 3-5). واتا لەم شێوەی شوێنگۆڕکێیی جوگرافیدا کۆچکردن نییە، بەڵکو کۆچپێکردنە، کە گرووپێک بە هۆکاری بارودۆخی ئابووری، سیاسی و داپڵۆسینی ئێتنییەوە، ناچارن شوێنی نیشتەجێبوونیان بەجێبێڵن. لە نموونەکانی ئەم جۆرە کۆچپێکردنە بریتییە لە کۆچی دانیشتوانی ڕواندا و یۆگسلافیا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و، دانیشتوانی سوریا، کە ژمارەیان زیاترە لە پێنج ملیۆن کەس، ئەمەش بە هۆکاری جەنگەکانەوە(عطالله،2020: 814). یاخود کۆچکردنی ناچاریانەی کورد بۆ ئێران دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، بەجۆرێک"لە نیسانی(١٩٧٤)، تا کۆتایی هەمان ساڵ، ژمارەی پەنابەران بۆ وڵاتی ئێران گەیشتە(٥٠٠)هەزار کەس"(بینگیۆ،2013: 204-205)؛ هەروەها ڕاگواستنی سیستماتیکیانەی گوندەکان لەسەر دەستی ڕژێمی بەعس، کە هاوکات ئەم دوو جۆرە لە کۆچکردنی ناچاری و زۆرەملێیانەی کورد، دوو شێوەی باسکراوی ناو نموونەی شیکاریمانن.

> کاتی خۆی سەرشەقامییەکان ئاوارەی ئێران ببوون، هەر ئەوان نا، نیوەی کورد، سێ بەشی کورد ئاوارەی ئێران ببوون.دوای شۆڕش کەوتبوون(2016: 103).
>
> ئەو ئاوارانەی شۆڕشی ئەیلول تاڵییان زۆر دیبوو، دڵشکان و مەینەتیان زۆر دیبوو، برسییەتی و ترسیان زۆر دیبوو(2016: 104).

ئەم جۆرە لە کۆچکردنی ناچاریانەی کوردان بۆ سنووری وڵاتی(ئێران)بە(ئاوارەبوون)ناسراوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە تەنها لەم دوو شوێنەی ناو نمونەکانی شیکار باس لەم جۆرە کۆچکردنە ناچارییە کراوە. ئەگەرچی ئەم کۆچە بەدەر نەبووە لە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی، بەڵام هیچ ئاماژەیەک لەناو نموونەکانی توێژینەوەدا نییە بۆ دەرخستنی ئەو کاریگەرییانە. لێرەدا جێی خۆیەتی

ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم کۆچە ودەیان شــوێنگۆڕکێی جوگرافی تری کورد، ناوی(ئاوارەبوون)ی گۆڕیووە بۆ (ئاوارە)و، بووەتە بەشێک لە ناو و شوناسی هەندێک لە تاکەکان.

جۆرێکی تری کۆچ لەناو نموونەکانی شــیکاردا بریتییە لە(ڕاگواســتن)، کە ئەویش دەچێتە خانەی کۆچکردنی زۆرەملێ-وە.

ژنەکە گووتی: کەسوکارم نییە.

ئەبوو دووجانە پرسی: هەر کەست نییە؟

ژنەکە خەریکی تەشی ڕستن بوو، گووتی:مێردەکەم بەبیرم نایە کەنگێ مردووە، کوڕەکەشم ها لەسەر ئەو باسکەیە.

خوبەیب پرسی: ماڵی خۆی هەیە؟

ژنە گووتی: ئا.

ئێمە هەموومان ڕوانیمانە ئەو باسکەی ئەو پەنجەی بۆ ڕاکێشا.ئەبوو دووجانە پرسی:شوانە؟

ژنە گووتی: گۆڕەکەی لەوێیە، مردووە.

بە لاپاڵی باسکەکەوە دوو بەردی خڕ وەک کێلی قەبر سپی دەچوونەوە، ژنە گووتی:تەیارەی بەعس

لێیدا، ئەو شوان بوو، حکومەت دێیەکانی ئەو دەوورووبەرەی ڕادەگواست، خەڵکەکە بەو گرد و باسکانەدا

بڵاو ببوونەوە.کۆفتەر سەری لەدوو نابوون، کوڕەکەشم هەر لەوێ مەڕی دەلەوەڕاند...(2016: 285).

بەهەمان شـێوە، لە هەردوو نموونەکانی شـیکاردا، هاوشـێوەی جۆرەکەی تری کۆچی ناچارییانە، تەنها لەم شوێنەدا ناوی ڕاگواستن هاتووە، بەڵام بەپێچەوانەی شێوەکەی تر، ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئێجگار زۆرن، بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەبەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی لەســەر هەردوو ئاســتی زارەکیی و گواســتنەوەی بەهاکان، بەتایبەتی دوای بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتییانەی بەها و نەریتەکان لەناو شــارەکاندا. زاراوەی ڕاگواســتن لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەر زاراوەی **(Deportation)**دێت. لە ئینســکلۆپیدیای بریتانیدا**(Deportation)**بریتییە لە: دەرکردنی بێگانەیەک کە هەبوونی ئەو لە وڵاتدا

لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا ڕێک نایەتەوە. بەکورتی ئەم زاراوەیە واتای ڕاگواستنی زۆرەملێیی دانیشتوان دەگەیەنێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ڕاگواستن: گواستنەوەی جوگرافی یان شوێنگۆڕکێیی بەزۆر دەگەیەنێ لە ڕێی بەکارهێنانی تۆقاندن و فشار خستنەسەر و هێز بەکارهێنانەوە(محمد،2004: 20-21). ئەمەش زۆربەی جار کردەیەکی سیستماتیکە و دەوڵەتێک پێی هەڵدەستێت و دانیشتوانی شوێنێکی دیاریکراو ناچار بەچۆڵکردنی موڵک و ماڵ و زێدی خۆیان دەکات(عطالله، 2020: 814).

## 6. بەریەککەوتنی زارەکی

بە شیتەڵکردن و شیکاری جۆر و شێوەی ئاخاوتنی کاراکتەرەکانی نموونەکانی شیکار، دیارترین کاریگەری و جێکەوتەکانی ڕاگواستن لەسەر کۆچەران و دانیشتوانی شوێنی کۆچ بۆکراو، بریتییە لە بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتییانەی هەردوولا لەشێوەی زارەکیدا؛ هاوکات بەسەرنجدان لە شوێنی بەریەککەوتنی هەردوو کولتوورەکە کە بریتییە لە شار و دەوورووبەرەکەی، ئەوا دیارترین بەریەککەوتن بریتییە لە زەقکردنەوەی گوتاری شار لەبەرامبەر لادێ و لادێیەکان و بەکەم سەیرکردنیان، ئەمەش هۆکارە سەرەکییەکەی بریتییە لە ڕاگواستنی گوندەکان و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی نزیک شارەکان، دوای سەرنجدان لەم ئامارانەی خوارەوە، پتر ئەو کاریگەریانەمان بۆ دەردەکەوێت.

-لە ساڵەکانی١٩٧٥-١٩٧٦ نزیکەی ٦٨٠ گوند خاپووورکران.

-لە ساڵەکانی١٩٧٧-١٩٧٩ نزیکەی ٩٠٠ گوند خاپووورکران.

-لە ساڵەکانی١٩٨٠-١٩٨٦ نزیکەی ٤٠٠ گوند خاپووورکران.

-لە ساڵی١٩٨٧ نزیکەی ٨٤٠ گوند خاپووورکران.

-لە ساڵی١٩٨٨ نزیکەی ١٦٧٠ گوند خاپووورکران.

-لە ساڵەکانی١٩٨٩-١٩٩٠ زێتر لە ٧٠ گوند خاپووورکران.

کەواتە بەپێی ئەو ئامارانە نزیکەی ٤٥٦٠ گوند لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٥-١٩٩٠ خاپووورکراون(محمد، 2004: 31).

بۆیە بەسەرنجدان لەو ئامارانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هۆکاری بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی لەناو شارەکاندا لەشێوەی زارەکی و گواستنەوەی بەهاکان، بریتییە لەم کۆچە زۆرەملێیە و نیشتەجێکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دانیشـــتوانی گوندە ڕاگوێزراوەکانە لە ئۆردوگاکانی نزیک شـــارەکان، ئەمەش لەشـــێوەی بیچمگرتنی گوتاری دانیشتوانی شار بەرامبەر لادێ نشینەکان، یاخود گەڕەکێک لەگەڵ گەڕەکێکی تری هەمان شار. لەشێوەی ئەم جۆرە ئاخاوتنانە:

زۆرجار پێشیان دەگووتم سەرسەرییەکەی سەرشەقام. ئەو ناوەش چوارباخییەکان بەسەریاندا بڕیم و هەموو سلێمانیش دەزانێت چوارباخییەکان لە ناو و ناتۆرەدا ڕەحم بە برای خۆشیان ناکەن(2016: 188).

کاتێک کاراکتەری فوئاد لە زیندانی ئێرانییەکان ئازاد دەبێت و دەگەڕێتەوە سلێمانی، لە یەکەم دابەزین و بینینەوەی سلێمانیدا دەڵێت:

ئەو هەموو دونیایە چۆن ڕژاونەتە سلێمانی!
ئەوە سلێمانییە!انا هەویش نییە(2016: 151).

ئەم جۆرە لە سـەرسـوڕمان ئاماژەیە بۆ هاتنی خەڵکی نەناس بۆ ناو شـار، بەشـێکی زۆری ئەم خەڵکانە، ڕاگوێزراوانی گوندەکانن.
گواستنەوەی خەڵکانی گوند و نیشـتەجێکردنیان لە نزیک شـار و ئۆردوگا و گەڕەکەکانی ناو شـارەکان، ئەگەر بە دیوێکدا بووبێتە هۆی ســـەرهەڵدانی چەمکێک "بەناوی(گوندنشـــینی شـــاری)، کە ئاوێتەی هەردوو ووشـەی شـار و گوندە و، ئەمەش بەرەنجامی تایبەتمەندییەکانی ئەو شـوێنانەیە کە نە گوندن و نە شاری تەواوەتیشن"(معصوم و ئەوانیتر، 2014: 66)، ئەوا بە دیوەکەی تریدا پەیوەندی خەڵکانی گوندنشـین و شـاری لە پەیوەندییەکی تەواوکارییەوە بردووەتە قۆناغی بەریەککەوتنی کولتووریی و زارەکی.
ئەوە شـتێکی سـەلمێنراوە کە کەسـانێک بەهەر هۆکارێک کۆچ دەکەن، ئەوا هەوڵدەدەن لە شـوێنی نیشتەجێبوونی نوێدا دەست بە کولتووری خۆیانەوە بگرن و بیپارێزن، بەمەش کولتووری پێشـوویان بەتەواوی ڕەگەزەکـانییەوە دەکەوێتە بەرامبەر کولتوورەکەی تر(وثوقی و نیـک خلق، 2007: 128). ئەمە بۆ پەیوەندی شـار و گوندیش ڕاستە،"چونکە مێژوو ئەوەمان نیشان دەدات کە شارەکان خەڵکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لادێکان وەکو کەســانێکی بێبەش لە لێهاتوویی فیکری و وردبینی و تاراِدەیەک بە شــیاوی بەزەییان دەزانن؛ لە زۆربەی زمانەکاند ووشــەگەلێکی وەک«لادێیی» «دێهاتی»، ناوەڕۆکێکی خۆشــیان نییە لە زەینی خەڵکی شــاردا(موحســنی، 2006: 312). هەروەکو چۆن لە نموونەکانی توێژینەوەدا چەندین دەربڕینی لە شــێوەی(لادێیی)یـان(فڵان گەڕەکی)تێـدایە، کە بەرەنجـامی ئەو بەریەککەوتنە چڕەی خەڵکی شار و گوندەکانە، یاخود دابەشبوونی خەڵکی گوندەکانە لە گەڕەکە جیاوازەکاند. بۆ نموونە:

تۆ من بەچی دەزانی هەی سەرشەقامی؟(2016: 181).

بۆ سەرشەقامی چییەتی؟هەی ئابڵاخی مەکرباز(2016: 182).

یاخود هەتیوچەی لادێیی(2018: 85).

ئەو هەتیوە حیزە، ئەو سەردارە سەرسووکە، ئەو لادێییە پووچە(2018: 86).

میدیا گووتی: لەبیرتە هەر یەکەم ڕۆژ لەبەردەم ئەو دایناسۆڕە چیمەنتۆیەی مۆزەخانەی سروشتی پێی وتم تۆ فەرەنسیت؟من وتم:نا، لەبەشی فەرەنسیم.کەچی دیسانەوە حیزە وتیەوە:ئا فەرەنسی، دایکت، یان بابت. دەشڵێ بابت، لادێیی خوێڕی(2018: 39).

بەکارهێنانی ووشــەی (لادێیی) بۆ ئەوانیتر بریتییە لە توانجگرتن و تەشــەر و لەکە، بەڵام جۆینکردنی هەمان ووشــە، واتا لادێیی لەگەڵ ووشــەیەکی تری توانج و تەشــەرئاســای وەکو(پووچ، هەتیووچە و خوێڕی)، ئەوا جۆری بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی دەباتە قۆناغێکی ترەوە و دەگۆڕێـت بۆ جۆرێـک لە ئایدیا و تێگەیشتنێکی کۆنکرێتی و دەبێتە جۆرێک لە گوتار(**Discourse**).

زۆر پێناسەی جیا جیا بۆ گوتار کراوە، بۆ نموونە پاول گی (Paul Gee) پێیوایە "گوتار هەڵگری ڕستێک لە کردار، مامەڵە، بیر، بەها پێدان و گفتوگۆکردنە(یزدانی و رافعی، 2018: 120). هەرچی نیکۆلاس کاپلاند (**Nikolas Copland**)ە، پێیوایە:گوتار، بەکارهێنانی زمانە لەپێناو خشــتەبەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری(فاضلی، 2004: 82).

بەپێی تیۆری گوتار، "ڕاســتییەکان لەناو زماندا بیچم دەگرن و هەموو دیاردەکانیش لەڕێی گوتارەوە خۆیان دەردەخەن؛ لە چوارچێوەی ئەم مانیفێســتبوونەشــدا، گەورەبوون و بچووککردنەوە بوونیان هەیە، هەر بۆیەشە شارنشینان لە میانی گەورەکردنی خۆ و بچووکردنەوەی گوندنشینانداا، بەچاوێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەمەوە سەیریان دەکەن و، بە خەڵکانێکی نەخوێندەوار، نەزان و بێ بەهایان دادەنێن(یزدان و رافعی، 2018: 119).

لێرەوە دەتوانین بڵێین بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی شارنشینان لەگەڵ دانیشتوانی گوند لە نموونەکانی شیکاردا، دوو تایبەتمەندی بەخۆوە دەگرێت، یەکەم لە ئاستی زارەکیدا تێگەیشتنی شار بۆخۆی لەڕێی بەراوردکردنی بە جیهانی گوند دەچێتە ئاستی گوتارەوە؛ لە ئاستی دووەمدا، ئەم گوتارە باڵادەست دەبێت و لەبەرامبەردا گوند ناتوانێت گوتارێک بۆخۆی دروست بکات و بکەوێتە ڕکابەری لەگەڵ گوتاری شاردا.[3] بەڵام لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە داخۆ ئەم گوتاری شار و بەریەککەوتنیان لەگەڵ گوندنشینان لەسەردەمی جەنگ و بە دیاریکراویش دوای ڕاگواستنی گوندەکان دروست دەبێت؟ یاخود ئەم بەریەککەوتنی زارەکییە چ پەیوەندییەکی بە جەنگ و ڕاگواستنی گوندەکانەوە هەیە؟

سەرچاوەیەکی ئەوتۆ لەبەردەست نییە ئەوە بسەلمێنێت کە پێش ڕاگواستن گوتاری شار و شارچێتی و زەقبوونەوەی جیاوازییەکانی شار و بەشەکانی تری گۆمەڵگای کوردی، بەتایبەت گوندەکان هێندە تۆخ بووبێت، بەڵام بەگوێرەی تێبینیکردن و هەندێک سەرچاوەی نووسراو دەردەکەوێت کە ئەو ماوە زەمەنییەی ڕاگواستنی بەشێوەی سیستماتیک تیادا ڕوویداوە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩٠)، ماوەی دروستبوونی گوتاری شار و شارچێتییە.

نووسەری کورد (بەختیار عەلی) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکرن، لێکۆڵینەوەیەک لە سەرچاوەکانی ئەنفال)دا، پێیوایە ئەو ماوەیە سەردەمی دروستبوونی گوتاری شارچێتی و بەرکەوتنی شارەکانە لەگەڵ گوند. ئەو دەڵێت"ساڵانی بەر لە ئەنفال، ساڵانی گەورەبوونی شاری کوردییە، دروستبوونی رۆحی شارچێتی، یەکێکە لە سیما زەقەکانی ئەو بیست ساڵەی دەکەوێتە پێش ئەنفال. لەم قۆناغەدا جیاوازییەکانی نێوان شار و بەشەکانی تری

[3] خزمەتکردنی شۆڕش، جۆرێکە لە هەوڵی دروستکردنی گوتار لەلایەن گوندنشینانەوە. بەکارهێنانی دەربڕینی حەواندنەوەی پێشمەرگە و خزمەتکردنی شۆڕش، جۆرێکە لە هەوڵی دروستکردنی گوتارێک لە بەرامبەر شاردا و، بەبیرهێنانەوەی سەردەمانێکە بۆ دانیشتوانی شار، وەکو بڵێت ئەگەر من نەبام ئێستاتان دروست نەدەبوو، یاخود کارێکم کردووە کە بە ئێوە نەدەکرا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگای کوردی پتر بەرجەستە بووە. لەم قۆناغەدا شارەکانی کوردستان بەدوای هەموو شتێکدا دەگەڕێن تا بەکاریبێنن بۆ شانازی و بەخۆنازین. لەگەڵ وێناکردنیدا بۆ وێنەی خۆی، پرۆسەیەکی ئاڵۆز دەگرێتەبەر کە بەکەمکردنەوەیە لە نرخی هەموو ئەوانی دیکە کە خەڵکی شار نین و، بە شانازییەکی نائاساییەوە دەڕوانێتە خۆی و بەچاوێکی کەم سەیری دونیای پەراوێزی خۆی دەکات. ئەم باڵادەستبوونی کولتووری شار، تەنیا بە بچووکردنەوەی کاراکتەری جوتیار و تەشەر و توانج لە مرۆڤی لادێیی کۆتایی نایەت، بەڵکو گوتاری ڕۆشنبیری ئێمەش تا ئەندازەیەکی زۆر دەبێتە گوتاری شار"(عەلی، 2011: 110-111).

ئەو زەقبوونەوەی گوتاری شارچێتی دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی ئابووری، بەڵام ئەمە تەنها دیوێکی دیاردەکەمان دەخاتە پێشچاو، چونکە ئەمە تەواوی هۆکار و پاڵنەرەکان نین، بەڵکو دیوێکی تری وەڵامەکە ئەوەیە کە دوای ڕاگواستنی گوندەکان و نیشتەجێکردنی زۆرەملێیانە لە ئۆردوگاکانی نزیک شارەکان، بەرکەوتنی گوندیی و شارییەکانی خێراتر کردووە و لەوێشەوە پرۆسەی خۆ بەراوردکردن سەریهەڵداوە، بەتایبەت لەلایەنی شارنشینانەوە. بۆ نموونە بە تێبینیکردنی ئەم دیاردەیە، تا ئێستاش لە شاری(قەڵادزێ)، کاتێک یەکێک بەویتر دەڵێت(ئۆردوگایی)، هاو واتایە لەگەڵ(لادێیی)، ئەم توانجەش لەو کەسانە دەگیرێت کە دانیشتووی (ئۆردوگای پێماڵک)ن و پێکهاتەی خەڵکەکەی، گوندنشینە ڕاگوێزراوەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعسن؛ سەرەڕای ئەوەی ئێستا ناوی ئۆردوگاکە گۆڕاوە بۆ(گەڕەکی ڕاپەڕین)، بەڵام خەڵکی گەڕەکەکانی تر وەکو تەشەرێک پێی دەڵێن(ئۆردوگا) و، بە خەڵکەکەش دەڵێن(ئۆردوگایی)؛ واتا(لادێ) و (لادێییەکان).

ئەم بەریەککەوتنەی دوای ڕاگواستنی گوندەکان لەگەڵ خەڵکی شار، هەستێکی بەراوردکاریانەی وەهای داوەتە دانیشتوانی شار کە زۆر نزیکە لەو بەراوردەی (سامێل هەنتینیگتۆن) بۆ شار و لادێ کردوویەتی و دەڵێت"ئاستی ژیان لەشاردا بەگشتی تا پێنج پلە باڵاترە لە لادێ. شاریان بەگشتی خوێندەوارن، کولتووری شار کراوە و دونیاییە و، لادێ کولتوورەکەی داخراو ودینییە. جیاوازی نێوان شار و لادێ بریتییە لە جیاوازی نێوان مۆدێرنترین و کلاسیکیترین بەشەکانی کۆمەڵگا"(هانتینیگتون، 1991: 110).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم گوتاری شارچێتی و بەگەورە سەیرکرنی خۆ تەنها بەرامبەر لادێنشینان نەمایەوە، بەڵکو دواتر پەل دەهاوێت بۆ خۆ بەراوردکردن لەگەڵ شاری تریش، بەجۆرێک هەر شارێک تایبەتمەندییەکانی ئەوانی تیادا نەبێت، دەخرێتە ڕیزی(لادێییەکان)ەوە و شارەکەش وەکو (لادێ) تەماشا دەکرێت، لە نمونەی ئەم جۆرە دەربڕینانەی نمونەی شیکار:

کەمال و کوڕەکانی تەنها ببوونە هەڕەشە و جنێو، جنێویان بە کچ و توخمی کچ دەدا...جنێویان بە گەنج و عەشق و برادەرایەتی و وەفا و جوانیش دەدا.جنێو بە هەولێر، کەمال ووتبووی: کەس نەما هەولێری حەیای من بەرێ!ئاخر ئەوان زێرابیان نییە، شارەکەیان یەکپارچە بۆگەن و زبڵە...بەس بیاندۆزمەوە، بەس دەستم بیانگاتێ، بۆخۆیان نا، گەڕەکەکەیان نا، ئەو شێخ و قەڵا و منارە نەگریسەشیان پێوە دەسووتێنم(2018: 13).

کەوابوو هەر شارێک بەری بێت لە یەکێک یان چەند تایبەتمەندییەکی وەکو شاری ئێمە، گەورەترین توانج ئەوەیە پێی بگوترێت لادێ، هەروەکو چۆن لەم چەند دێڕەی نموونەکانی توێژینەوەدا ئەم بەرکەوتنە زارەکییەی شار لەگەڵ یەکتریدا زەقبووەتەوە؛ ئەمەش جگە لە ڕاگواستن، لەساڵانی دواتردا و "بە دیاریکراویش سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ، فاکتەرێکی بزوێنتر بوو بۆ بەلادێیی هەژمارکردنی هەولێر و سەرهەڵدانی شەپۆلی نوکتەکان لەسەر هەولێریان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جێگا و شوێنی هەولێر لەم جەنگەدا وەک سەنتەرێکی یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی هێزە دەرگیرەکانی ئەم جەنگە"((ئەحمەد، 2004: 190-191).

ئەم کاریگەریانەی جەنگ بۆ هەورامانیش هەر درووستە، ئەمەش"کاتێک ناوچەکانی هەورامان لەسایەی جەنگی عێراق-ئێراندا دەبێتە مەیدانی ئەو شەڕە خوێناوییە و لەگەڵ کارەساتی هەڵەبجە و پێشتریش لەگەڵ ڕاگواستنی دێیەکانی ئەم ناوچانە، شەپۆلێکی گەورە لە خەڵکی هەورامان ناچار دەبن ڕووبکەنە سلێمانی. ئیتر ئەو نامۆ دوورە دەستانەی کە پێشتر جێگای سەرسامبوون و پیاهەڵدان بوون، لەم دۆخە تازەیەدا دەبێت مەودایەک بگیرێت لەگەڵیان (نووسەر لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە، پێش ئاوارەبوونی هەورامییەکان بۆ سلێمانی، لە لایەن خەڵکی ئەو شارەوە وەکو کەسانێکی ڕێزلێگیراو و شیاوی پەسندان سەیر دەکران)؛ ئەمە بۆ هەولێریش هەر ڕاستە، کاتێک لەشەڕی ناوخۆدا

هەزاران هەولێری ڕوودەکەنە سـلێمانی، نوکتە و توانجەکان ئامانجی کۆتاییان بریتییە لە ڕاگرتنی مەودایەک لەگەڵیان"(ئەحمەد، 2004: 194-195).

بەکورتی یەکێک لە شـوێنەوارەکانی جەنگ لەسـەر دانیشـتوانی شـوێنە جیاوازەکان بریتییە لە بەریەککەوتنی کولتووری و زارەکی، ئەمەش لە ئەنجـامی شـوێنگۆڕکێی دانیشـتوانی جوگرافیە جیاوازەکان. لە نمونەکانی توێژینەوەدا، بەئاشـکرا ئەم بەریەککەوتنە زارەکییە بەدیدەکرێت، ئەمەش لەشـێوەی شـار و گوند لە ئەنجامی ڕاگواسـتنی گوندەکان و، هاوکات بەریەککەوتنی شـار و شـار لەئەنجامی شـەڕی ناوخۆیی. ئەم بەریەککەوتنە شـتێکی ئاوارتە نییە و دیاردەیەک نییە پەیوەسـت بێـت بە کوردەوە، بەڵکو دیـاردەیەکی جیهـانییە و ئەگەری هەیە هەر شـێوەیەکی کۆچکردن، ئەم دیاردەیە لەگەڵ خۆیدا بێنێت. توێژەرێک بەناوی (رۆبێرت بۆتنام) هەڵسـا بە توێژینەوەی ئەنجامی کۆچی خەڵکی بیانی بۆ ئەمریکا، ئەو لە توێژینەوەکەیدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە"هەمیشە دڕدۆنگی و نەبوونی باوەڕ لەنێو خەڵکی ئەمریکادا هەیە. ئەو پێیوایە ئەم هەسـتە نەک تەنها لە ئەمریکا، بەڵکو لە تەواوی جیهاندا، دڕدۆنگییەک لەنێوان خەڵکی ڕەسـەن و کۆچبەردا بوونی هەیە"(فیاض، 2018: 21-22).

## 7. گواستنەوەی بەهاکان

چەمکی بەها کۆمەڵایەتییەکان، گوزارشـتە لە بابەتێک یاخود بیروباوەڕێک کە بەلای هەمووانەوە پەسـندکراو بێت. بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەلومەرجێکی پێویسـت و گونجاو سـازدەکەن کە جێگای خواسـت و ئارەزووی زۆرینەی کۆمەڵگا بێت و، لەو ڕێیەشـەوە کارلێکی تاکەکان و گونجاوی لەنێوان دەزگاکاندا بەدیدێنن.

لە زانسـتی کۆمەڵناسـیدا، زۆر پێناسـەی جیا جیا بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان کراوە، لەوانە (حەلیم بەرەکات) پێیوایە: بەهاکان بریتیین لە بیروباوەڕ و تێڕوانین دەربارەی پرس و ئامانج و شـێوازەکانی ڕەفتاری چاک بەلای خەڵکەوە، کە ئاڕاسـتەی هەسـت و بیرکردنەوە و هەڵوێسـت و هەڵوێستەکانیان دەکات و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ واقیع، دامەزراوەکان، ئەوانیتر و شوێنکاتدا ڕێک دەخات(شەریف، 2008: 123).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئۆگبێرن و نیمکوف پێیانوایە: بەهای کۆمەڵایەتی واقیعێک یاخود بابەتێکە کە شـــوێنی گرنگیدانی کۆمەڵگایە. بەهای کۆمەڵایەتی دەبنە خواست و پاڵنەری کۆمەڵایەتی و، خواستە کۆمەڵایەتییەکانیش بریتیین لە ئارەزووگەلێکی گشـــتی کە لە تاکەکەســـدا ڕەنگدەدەنەوە و تێگەیشـــتن، هەســـتەکان و کردارەکانی بە ئاڕاســـتەیەکی دیاریکراودا دەبەن(اگ بیرن و نیم کف، 1963: 143). ئەم پێناســـانە دەکرێت وەکو هێڵە گشـــتیەکانی بەها کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگایەک لێیان بڕوانرێت، ئەمەش بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان؛ چونکە هەر کۆمەڵگایەک بەهای تایبەتی خۆی هەیە و، دەکرێت ئەو بەها تایبەتیانەش لە ئاســـتی کۆمەڵگا ووردتر ببنەوە و، گرووپیش بەهای تایبەتی خۆی هەبێت.

لەهەر کۆمەڵگایەکدا بۆ جێبەجێبوون و پاراســـتنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، ڕێســـای تایبەتی هەیە، ئەو بنەمـا و ڕێســـــایـانەش لەشـــێوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیـدا خۆیـان دەبیننەوە؛ ئەمەش لە ڕێگـای چاودێریکردنی یەکترەوە بۆ جێبەجێکردنی بەهاکان."لە کۆمەڵگای بچووک و ســـنوورداری وەکو لادێ، عەشـــیرەت یاخود هۆز، کە پەیوەنییەکانیان ڕووبەڕوو و لەســـەر بنەمای ناســـینی یەکترە، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بایەخێکی زۆری هەیە و تاکەکان دەخاتە ژێر فشـــارەوە بۆ پابەندبوون بە بەهاکانەوە. لە کۆمەڵگای گەورەتری وەکو شـــاردا، تاکەکان بەیەکتری بێگانەن، بۆیە کۆنترۆڵی تـاکەکـان لە ڕێگـای سیستم و دام و دەزگای میرییەوەیە"(وثوقی و نیک خلق، 2007: 198).

بەها کۆمەڵایەتییەکـان شـــێوەیەکی جێگیریـان نییە، بەڵکو بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوەدان و پەیوەســتییەکی توونديان بە ڕووداو و دیاردە و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، یەکێک لەو دیاردە کۆمەڵایەتیـانەش بریتییە لە جەنـگ."یەکێـک لەو زانـا کۆمەڵایەتیـانەی کە گۆڕان و گواســـتنەوەی بەهاکانی پەیوەســـت کردووە بە جەنگەوە، بریتییە لە (ئیبن خەلدون)، ئەویش لەڕێی بەســـتنەوەی بەهاکان بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە شێوەی گوند و شاردا (شەریف، 2008: 126)، یاخود دەوارنشین وشار.

یەکێک لە چەمکە سەرەکی و هاوکات گرینگترینەکانی تیۆرەکەی ئیبن خەلدون، بریتییە لە دەمارگیری (العصـــبیة)، کە بنەمای یەکانگیری کۆمەڵایەتییە و هاوتایە لەگەڵ تیۆری (یەکانگیری) دۆرکهایم."ئەو، دوای دابەشـــکردنی شـــێوەی کۆمەڵگاکـان بۆ ڕەوەن و شـــار، پێیوابوو ئەگەرچی دەمـارگیری لای

ڕەوەندەکان بەهێزترە بەراورد بە خەڵکی شار، بەڵام تەنها بە ڕەوەندەکانەوە پەیوەست نییە"(بەعلی، 2006: 80). واتا بە بۆچوونی ئەو، ڕەوەند و شارستانیش دەمارگیرن، بەڵام شێوەی دەمارگیرییەکەیان جیاوازە، بۆنمونە"دەشێ پەیوەستبوون و دەمارگیری لەنێوان ئەو مرۆڤانەشدا هەبێت کە سەر بەیەک ڕەچەڵەک نین، بەڵام ئەو لێکنزیکبوونەوە و پەیوەستبوونە لاوازترە لە دەمارگیری بەهۆی ڕەچەڵەک و خوێنەوە(وەردی، 2011: 420). هەروەکو ئەو ئاماژەی پێکردووە کە"دەمارگیری تەنانەت پەیوەست نییە بە تەنها گەلێکەوە، بەڵکو زۆرێک لە نەتەوەکانی تری وەکو فارس، عیبری، ئاشووری، گریک، ڕۆمەکان، تورک و بەربەرەکان، هەڵگری دەمارگیرین(بەعلی، 2006: 81).

ئەو، شێوازی ژیان لای شار و ڕەوەندێتی دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاکاریکردن لە جۆری دەمارگیریەکانیان. ئەو پێیوایە"دەمارگیری هۆزایەتی لەسەر خوێن و ڕەچەڵەک وەستاوە، چونکە هۆزەکان تێکەڵ بەیەکتری نابن"(کلێسەیی، 2013: 54). ئەرکی سەرەکی ئەم جۆرە لە دەمارگیری بریتییە لە پاراستنی خێڵ دژی هۆز و خێڵی دیکە. دەمارگیری خێڵەکی، ئەرکی قەڵا و سوپای شارەکان دەبینێ"(ئەلمەلاح، 2011: 143). پێوەری ئەخلاقی و ئەدەبی و بەهای کۆمەڵایەتی جیاواز، لە تایبەتمەندییەکانی دەمارگیری ڕەوەندی و خێڵایەتین. بەڕای ئیبن خەلدون"ئەم شێوە ژیانە، پێوەر و بەهای کۆمەڵایەتی تایبەت بەرهەم دێنێت، لەوانە چاوتێری، غیرەت و پیاوەتی، ڕاستگۆیی، ئازایەتی و بەجەرگی، ملکەچی بۆ خێڵ، بەهاناوەچوونی خزمان و تۆڵەسەندنەوە، لە دیارترین بەهاکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایەن"(حوسێن، 2011: 96).

کۆمەڵناسی عێراقی (عەلی وەردی)، بە پشتبەستن بە تیۆرەکەی ئیبن خەلدون، هەڵسا بە شیکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عێراقی. ئەو پێیوایە کە کۆمەڵگای عێراقی کەوتووەتە ژێرکاریگەری ململانێیی بەها خێڵەکی و شارییەکانەوە و، پێیوایە"هەروەکو چۆن کەسێتی لە عێراقدا تووشی کەرتبوون و دوو جەمسەری بووە، ئەوا تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتیش وەکو یەک و لەیەک ئاستدا، لەژێر کاریگەری ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەدایە، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەوە دروستبووە کە سیستمێکی جیاواز لە بەها و نەریتەکان لە کۆمەڵگادا کاران، ئەم دیاردەیەش بەشێکی زۆری بەر شارەکان کەوتووە و، گوندەکان کەمتر(وەردی، 2011: 297).

بەلای وەردییەوە، هۆکاری دەرکەوتنی دیاردەی دووکەرتبوون بەتایبەتی لە شارەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی هەڕەشـەی داگیرکاری هۆز و خێڵەکان بۆسـەر شـارەکان، لەبەرئەوە خەڵکی شـارەکان ناچاربوون پەنابەرنە بەر سیستمی دەمارگیری، تا سەر وماڵیان پارێزراو بێت. لەم میانەشدا خەڵکی هەر گەڕەکێک لەناو شارەکاندا وەک هۆز و تیرەیەک خۆیان دەردەخست(وەردی، 2015: 415). ئەم واقیعەی عەلی وەردی سەبارەت بە شارەکانی عێراق باسی دەکات، درێژکراوەی بۆچوونەکانی ئیبن خەلدونە، بەڵام بە جیاوازی ئەوەی کە ئەو پێیوایە کەسایەتی و شارەکان تووشی دوو پێوەر و بەهایی بوون. هەمان بۆچوونیش سـەبارەت بە شـارەکانی کوردسـتان ڕاسـتە، ئەمەش لەژێر ڕۆشـنایی نموونەکانی شـیکاردا، بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم دوو جەمسـەرییەی بەهاکان لە شـارەکاندا لە ئەنجامی پەلاماری گوندنشـینانەوە نییە، بەڵکو سـیاسـەتی ڕاگواسـتن و کۆچکردنی زۆرەملێیـانەی گونـدنشـینـان، ئەم دووکەرتبوونەی زەقتر کردووەتەوە. دیـارترین بەهـای خێـڵ و عەشـیرەتی لەناو نمونەکانی توێژینەوەدا بریتیین لە دابەشـبوونی گەڕەکەکان لەشـێوەی گوند یاخود عەشیرەتەکاندا و تۆڵە بەبیانووی ناموسەوە، بۆ نمونە:

فوئاد زووزوو دەیگووت:من سەرشەقامیم....ئەڵماس لێی پرسی:سەرشەقامییەکان
حەزیان لە پیاسەی تووی مەلیک نییە؟
فوئاد گووتی: مەگەر بۆ نەگبەتی، دەنا سەرشەقام پێنج ئەوەندەی تووی مەلیک خۆشە.
ئەڵماس بە تەوسەوە گووتی: ناوبانگیشی زۆرە لە شەڕە گەڕەکدا، دەڵێن بە چوارباخییەکان
ناوێرن(2016: 32).

...لەوکاتەدا حەزی دەکرد سلێمانی ناوی سەرشەقام بایە، خۆ ئەگەر وابایە، سەرکارێزییەکان
لە ڕقا دەتەقین.جاران خۆی سەرکردایەتیی زۆر شەڕەگەڕەکی دژی سەرکارێزییەکان و
هەندێجا چوارباخییەکانیشی کردبوو(2016: 111).

فوئاد ڕوانییە شوێن برینە کۆنەکانی جەستەی، یەکەم چەقۆ لە ژیانیدا
ڕێک لەسەر دڵی درابوو، ئەویش بە دەستی بەخە چوارباخی(2016: 117).
فوئاد...کوا ئەو کوڕەی جاران مابوو؟هەموو کۆڵان و ماڵەکانی سەرشەقام
هی خۆی بوون...هەموو کچێکی سەرشەقامی ناموسی ئەوبوو.بۆ کەس

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەبوو بێ پرسی ئەو دووجار لەسەریەک بە کۆڵانەکانیدا تێپەڕێ.ئاخر
ئەو بەڕاستی شەلاتی و شەقاوەی پلەیەکی سەرشەقام بوو(2016: 125).
...مامە نەجم گووتوویەتی ئێمە یەک عەشیرەتین(2018: 276).

دەرکەوتنی دەمارگیری خێڵەکی و دابەشبوونی لەشێوەی گەڕەکچێتی و پارێزگاریکردن لە ئەندامەکانی و دروستبوونی یەکانگیری ناوی، دەرکەوتەی کۆچی گوند و خێڵ و عەشیرەتەکانە بۆ ناوشارەکان و نیشتەجێبوونیانە لە نزیکی یەکتری. هەروەکو عەلی وەردی لە دەرخستنی سیمای شارەکانی عێراقدا گووتوویەتی"خەڵکی هەر گەڕەکێک لەشارەکاندا وەک هۆز و تیرەیەک خۆیان دادەنا. ئەمانیش وەک دێهاتییەکان(تۆڵە و شانازی و ڕیش سپی و شەڕکەر)ی خۆیانیان هەبوو(وەردی، 2015: 415). لێرەوە جوامێری هۆزایەتی لەشاردا گۆڕا بۆ جوامێری گەڕەک و، شەڕی نێوان گەڕەکەکان جێگای شەڕی نێوان هۆزەکانی گرتەوە(وەردی، 2009: 68).
نمونەیەکی تری بەهای خێڵ لەشارەکاندا لە نمونەکانی شیکاردا بریتییە لە تۆڵە و بابەتی پەیوەست بە ناموسەوە، ئەمەش لە ئەنجامی جەنگە بەردەوامەکان شوێنگۆڕکێی دانیشتوان بەگشتی و ڕاگواستنی زۆرەملێیانە بە تایبەتی. هەروەکو نووسەری کورد (حەمە فەریق حەسەن) دەڵێ"مرۆڤی کورد لە باشوور، ئەوەندە ماڵی لێ تێکدراوە و گوندی کاول کراوە، دەشێ بگووترێت: هەر ماڵێک بگرین چەند جارێک لەجێیی خۆی هەڵکەنراوە، لە شار و شارۆچکەی جیا جیادا گیرساوەتەوە و، ڕێڕەوی ژیانی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە (حەسەن، 2020: 125). دەکرێ لەباری تۆڵەی ناموس وەکو بەهای خێڵەکان لەناو شاردا، ئەم دێڕانەی ناو نمونەی توێژینەوە، دەرخەری ئەو ڕاستییە بن.

کەمال پێی وابوو ناموس ئەو گوریسەیە لە ملی پیاو دەکرێ، لە بەرزییەوە بەری دەداتەوە.
ئەو گوریسە بێ شەرەفە بە قورسی درێژ دەبێتەوە و قوربانییەکەی ناکوژێ، نایکوژێ، بەڵام
لە ملیشی نابێتەوە (2018: 22).
مەحمود...ئەوە چەندە بەدیار قسە و قسەڵۆکی پشت خوشکەکەیەوە دەسووتێت و حەسرەت
هەڵدەکێشێ...مەحمود خۆی لە خەڵکی سەربڵند و سەربەرزی شارەکەی
دەشارێتەوە، ناتوانێ سەردانی ماڵی خزم و دراوسێ بکات...ئاخر چۆن

ماڵە بەناوبانگەکەی سلێمانی، کوڕە نەبەردەکانی مەڵکەندی، بەهۆی تاقە
کچەکەیانەوە سەرشۆڕ بن (2018: 64).
کوڕێک بۆ چرکەیەک بیر لەژیانی خۆی ناکاتەوە و نامووسی خۆی بە خوێن
دەکڕێتەوە (2018: 64).
بەڵقیس ملی مریەمە ڕەشی گرت...هاواری کرد: کوا کچەکەم؟...چاوی پێنج
برای وەک شێر و باوکێکی وە پڵنگی شۆڕ کردووە.تۆ نازانی سەرشۆڕی و
حەیاچوون مانای چییە؟ نازانی نامووسبردنی خەڵکی چەند قوورسە(2018: 173).
کەمالی بەزاز گووتی:کوڕی باش تۆش کوردیت، باش دەزانی پیاو کچەکەی
دیارنەمێنێ ئاگر ئەکەوێتە ناو پێڵاوەکانی، پێ لەناو ئاگردا پشوو نادات(2018: 336).

ئەم جۆرە کاردانەوانە دەرەنجامی ژنهەڵگرتن و کاردانەوەی کەسە نزیکەکانی ژنەکەن.”ئەم جۆرە نەریتە، بەشێک نییە لە کولتووری شار، بەڵکو نەریتی خێڵەکانە، ڕەنگە ئەم نەریتەش هەر بەشێک بێت لە کولتووری ڕاو و ڕووت و تالانی، کە خێڵەکان لە دێر زەمانەوە لەسەری ڕاهاتوون (حەسەن، 2008: 63). کاردانەوەی کەسە نزیکەکانی، دەرەنجامی پاڵەپەستۆ و فشاری ئەوانیترە تا تۆڵە لە لادەران بکەنەوە، ”تەنانەت دەگاتە ئەوەی لەلایەن خودی خێزان و خێڵەکەیەوە سەرنگوون دەکرێت (وەردی، 2015: 129).

کەواتە دەتوانین بڵێین نەریتی (ژن هەڵگرتن)، یەکێکە لە نەریتە خێڵەکییەکان. لە یەکێک لە نمونەکانی شێکار (2018)، ئەگەرچی تەواوی کەسایەتی و ڕووداوەکانی لەناو شارن، بەڵام یەکێک ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە بریتییە لە شووکردنی کچێک بەبێ پرس و پاشان پەرچەکرداری خزم و کەس و کارەکەی بۆ تۆڵە کردنەوە. لێرەوە هەروەکو چۆن ژن هەڵگرتن نەریتێکی گواستراوەی خێڵەکانە بۆ ناوشار، ئەوا پەرچەکرداری بنەماڵەش پەرچەکردارێکی خێڵەکیانەیە، چونکە”هەمیشە لای خێڵەکان ژن سەرچاوەیەک بووە بۆ کوشت و کوشتار، لەبەرئەوەی ئەو خێڵەی ئەگەر هاتوو ئافرەتی ببرێت، هەست بە شەرمەزاری دەکات (وەردی، 2011: 87).

ئەم زەقبوونەوەیەی نەریت و بەها خێڵەکیانەش لەناو شاری کوردی-دا، لەژێر ڕۆشنایی نمونەکانی توێژینەوەدا، سەرچاوەکەی بۆ جەنگی بەردەوام و کۆچی زۆرەملێ و ناچاریانەی گوند و خێڵەکانە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناو شارەکان، دیارترین و زەقترین شێوەی کۆچپێکردنیش بریتییە لە ڕاگواستنی گوندەکان لەنێوان ساڵانی (1975-1990)، کۆی ڕووداوەکانی نمونەکانی توێژینەوە، دەکەونە ئەو ماوەیەوە.

## 8. ئەنجام

جەنگ و کۆچ، دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، هەمیشە ئەو جەنگەی لە ئەنجامی کۆچەکانەوە درووست دەبێت، کۆچێکی ناچاریی و زۆرەملێیانەیە، ئەمەش لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتێکدا بێت یاخود شوێنگۆڕکێی جوگرافی بێت بۆ دەرەوەی سنووری دەوڵەتێك. لە نموونەکانی شیکاری توێژینەوەکەمان، هەردوو جۆرەکەی شوێنگۆڕکێی جوگرافی بەدیدەکرێت، کە هەردووکیان ناچاریی و زۆرەملێیانە و بەرئەنجامی جەنگەکانن. یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە شوێنگۆڕکێی جوگرافی زۆرەملێیانەی پرۆسەی ڕاگواستن بووەتە هۆی بەریەککەوتنی زارەکی لەنێوان دانیشتوانی گوند و شار و، لەگەڵیشیدا زاڵبوونی گوتاری (شارچێتی) لەنێوان شار و گوند و، هاوکات شارێك لەگەڵ شارێکی تر. ئەم جۆرە گوتار و بەریەککەوتنە زارەکییە تا ئێستاش بەردەوامە، کە ڕۆژانە لەناو واقیعی کۆمەڵایەتیی وەك دیاردە و بەریەککەوتنێکی زاڵ بەدیدەکرێت. یەکێکی تر لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گواستنەوەی بەهاکانی ئەو خەڵکانەی کە تووشی پرۆسەی ڕاگواستن بوون و یانیش کەوتوونەتە بەر کۆچێکی ناچاریانە، بەهۆی جەنگەوە، بۆ ئەو شوێنە تازەی کە بۆی چوون. ئەمەش بە جۆرێکە کە ئەو بەهایانە لەناو شارەکاندا تۆختر بوونەتەوە و، ئەمە سەرباری ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئەنجامی بەیەرککەوتنی بەها جیاوازەکان کەوتوونەتەوە، هاوکات بوونەتە هۆی گۆڕینی سیما و تایبەتمەندییەکانی شارەکان. گرفتی گواستنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان هاوشێوەی بەریەککەوتنی زارەکی لەنێوان شار و گوندەکان تا ئێستاش بەردەوامی هەیە و، ئەمەش هۆکارە بنەڕەتییەکەی بۆ ڕاگواستن و شوێنگۆڕکێی زۆرەملێیانەی گوندەکان لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە دەگەڕێتەوە. کۆی ئەو ئەنجامانەش، چ بەشێوەی ڕوون و ئاشکرایانە بن، یانیش بەشێوەی سمبول و ووشەی زارەکیانە، ئەوا ڕەنگدانەوەی تەواویان هەیە لەناو دەقی سەرەکی نموونەی توێژینەوەکە، کە ئەمەش دەرکەوتنی ئەوەیە کە گفتوگۆ و مەنەلۆگیەکانی ناو ڕۆمانەکان پەیوەستییەکی تەواویان بە واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە هەیە و، هاوکات تیشکدانەوەیەکی نەستیانەی تاکی ناو کۆمەڵگای کوردییە.

## سەرچاوەکان:

-استراس، آنسلم (2006)، اصول روش تحقیق کیفی، ت. محمدح، بیوک، تهراب، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

-اسماعیلی، علی اکبر و؛ راد، وحید بیگدلی(2017)، چهارمین کنفرانس ملی معماری و شهرسازی، دانشگاه آزاد اسلامی واحد قزوین، ص1-15.

-اگ بیرن، ولیم و؛ نیم کف(1963)، زمینه جامعه‌شناسی،ت.ا.ح.آریان پور، تهران، دانشگاه تهران.

-الليثی، عليا محمود محمود محمد(2019)، الإتجاهات الحديثة في النظرية الحرب، مع التطبيق على الحرب الأمريكية على افغانستان، رسالة ماجستير، جامعة بورسعيد، قسم علوم السياسة و الإدارة العامة، مصر.

-ايمان، محمد تقی و؛ نوشادی، محمود رضا(2011)، تحليل محتوای کيفی، پژوهش، س3، ش2، ص15-44.

-بوتول، گاستون(1989)، جامعه‌شناسی جنگ، ت.فرخجسته، هوشنگ، تهران، مؤسسه مازيار.

-بۆکانی، سابیر(2016)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

-بینگیۆ، ئۆفرا(2013)، کوردی عێراق؛ بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا، و.کوردی، سۆران مستەفا، هەولێر، دەزگای ئاراس.

-بەعلی، فوئاد(2006)، ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسیی نوێ، و.ئەحمەد، زیرەک و؛ عەبدوڵڵا، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

-حسين زاده، عسگر(2019)، عوامل اقتصادی اجتماعی اثرگذار بر مهاجرت روستاييان،فصلنامه اقتصاد و توسعه روستايی، س8، ش4، ص243-259.

-حوسێن، پ.د.موحسین محەمەد(2011)، سروشتی مەعریفە و فەلسەفەی مێژوو، هەولێر، دەزگای موکریانی.

-حەسەن، حەمە فەریق(2020)، تایبەتمەنیی تاکی کورد، سلێمانی، دەزگای جەمال عیرفان.

-حەسەن، محەمەد فەریق(2008)، مێنتەڵێتی خێڵ، هەولێر، دەزگای ئاراس.

-راودراد، اعظم(2013)، نظریه‌های جامعه‌شناسی هنر و ادبیات، تهران، دانشگاه تهران.

-زادە، هاشم ئەحمەد(2018)، ڕۆمان و ئەڤین، گۆڤاری شی، ژ6، ل28-34.

-زێباری، تاهیر حسۆ(2017)، تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر، کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، چاپی دووەم.

-ساروخانی، باقر(1996)، روشهای تحقیق در علوم اجتماعی، ج1، تهران، پژوهشگای علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

-ستوده، هدایت الله(1999)، جامعه‌شناسی در ادبیات فارسی، تهران، نشر آوای نور.

-سلدون، رامان، ویروسون(1998)، راهنمای نظریه ادبی معاصر، ت.عباس مخبر، تهران، نشر طرح نو.

-شکری، فدوی(2007)، واقعگرایی در ادبیات داستانی معاصر ایران، تهران، نشر نگاه.

-شیرودی، مرتضی(2008)، جنگ، انواع،انگیزه‌ها وجنگ تحمیلی، مجله رواق اندیشه، ش46: 2-23.

-شەریف، ڕۆزە عەبدوڵڵا(2008)، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، دەزگای ئاراس.

-صادقی فسایی، سهیلا(2006)، تحلیل جنسیتی بازنمایش ساخت خانواده در سریالهای تلویزیونی ایرانی، فصلنامه مطالعات زنان، ش2: 23-31.

-عطالله، شیما عبدالغنی(2020)، الحمایة القانونیة للمهاجر غیر الشرعی، مجلة البحوث القانونیة و الإقتصادیة.

-علایی، مشیت(2001)، نقد ادبی وجامعه‌شناسی، کتاب ماه و ادبیات فلسفه، ش10، س4: 21-23.

-عمر، مهدی(2020)، محاضرات السوسیولوجیا الهجرة، سنة ثالثة علم الإجتماع، جامعة زیان عاشور بالجلفة، کلیة علوم الإجتماعیة و الإنسانیة، قسم علم الإجتماع و الدیموغرافیا، الجزائر.

-عەلی، بەختیار(2011)، چێژی مەرگدۆستی، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

-فاضلی، محمد(2004)، گفتمان تحلیل و گفتمان انتقادی، پژوهشنامه علوم انسانی و اجتماعی، س1، ش14: 81-107.

-فیاض، هاشم نعمة(2018)، مفاهیم النظریة فی الهجرة السکانیة، مجلة عمران (بەبێ 1مارەی بەرگ): 7-26.

-کلێسەیی، نەبەز عەبدولڕەحمان ئەحمەد(2013)، فەلسەفەی مێژوو لای ئیبن خەلدون، سلێمانی، چاپخانەی لەریا.

-لوکاچ، جورج(2001)، نظریه رمان، ت.مرتضوی، حسن، تهران، نشر قصه.

-لوکاچ، گئورگ(1994)، پژوهشی در رئالیسم اروپایی، ت.اکبر افسری، تهران، مؤسسه علمی و فرهنگی.

-لوکاچ، گئورگ(2012)، رمان تاریخی، ت.فیلوسوفی، شهلا، تهران، نشر اشاره.

-محمد پور، احمد(2009)، تحلیل دادەهای کیفی:رویەها و مدلها، مجله انسانشناسی، دوره دوم، س1، ش10: 127-160

-محمد، مراد حکیم(2004)، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعس-دا، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە کوردستان.

-محی الدین، بەهرۆز عزت(2018)، دەروازەیەک بۆ بنەماکانی جەنگ و زانستی سەربازی، چاپخانەی مێخەک.

-معصوم، مجتبی قدیری و همکاران(2014)، دگرگونی اقتصادی کشاورزی و شکلگیری پدیده روستانشینی شهری، فصلنامه اقتصاد و توسعه روستایی، س3، ش3: 63-81.

-موحسنی، مەنوچێهر(2006)، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و. سیوەیلی، ڕێبوار; ئێروانی، موسڵیح و ئەوانی دیکە، چ2، هەولێر: موکریانی.

-هانتینیگتو، ساموئل(1991)، سامان سیادی در جوامع دستخوش دگرگونی، ت.ثلاثی، محسن، تهران، نشر علم.

-هاوار، مایک(1998)، کلاوزویتس، ت.صالح، غلامحسین میرزا، تهران، نشر طرح نو.

-وثوقی، منصور؛ نیک خلق، علی اکبر(2007)، مبانی جامعەشناسی، چ17، تهران، مؤسسه بهینه.

-وثوقی، منصور؛ نیک خلق، علی اکبر(2007)، مبانی جامعەشناسی، چ17، تهران، مؤسسه بهینه.

-وەردی، عەلی(2009)، ڕەوشت، و.سلیم، نزار و؛ حسێن، عادل، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

-وەردی، عەلی(2015)، کەسایەتی تاکی عێراق، و.ئەحمەد، گەرمیان محەمەد، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

-وەردی، عەلی(2011)، لۆژیکی ئیبن خەلدون، و. کەولۆسی، مەشخەڵ، چ2، سلێمانی، چاپخانەی ڕێنما.

-یزدانی، سهراب؛ رافعی، محمد(2018)، دوگانگی روستا-شهر وسلطه گفتمان شهری، پژوهشهای علوم تاریخی، س10، ش1: 117-136.

-ئەحمەد، بەکر(2004)، هەولێری؛ گوتارێک بۆ داشـــۆرین و گاڵتەپێکردن، یـان ئاوێنەیەک بۆ لەخۆ ڕوانین، گۆڤاری ڕەهەند، ژ16+17: 171-210.

-ئەلمەلاح، هاشم یەحیا(2011)، دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو، و.حەسەن، دەوەن، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

## الحرب والهجرة وتصادم الشفاهى وانتقال القيم
## (دراسه تحليل المحتوى لروايتى "سقوط السموات وعصر بكاء بلقيس في ضوء نظرية جورج لوكاش)

### الملخص

ان الحرب والهجره ظاهرتان من الظواهر الاجتماعية والسياسية منذ القدم، موجودتان على مر تاريخ البشرية ولايزال موجودتان الى يومنا هذا، والعلاقه بين الظاهرتين واضحه دائما. وتاريخ المجتمع الكردي أيضا لم يخلو من ظاهرة الحرب والهجرة، مما أدى إلى الحرمان وتدهور الاجتماعى. والأحداث اسفرت عن الحرب والهجرة مدونة بوضوح فى الآدبيات بشكل عام ولب الروايات بشكل خاص، اى الواقع السائد، وأصبحت مظهرا وانعاكسا للأحداث فى الرواية الكردية.

لذلك، فان هذه الدراسة تكون فى سياق علم الاجتماع الآدبى استنادا الى المنظر المحدث (جورج لوكاش) فى شرح وتحليل الظواهر التى نتجت عن الحرب. ولهذا الغرض، تم تسليط الضوء على روايتى سقوط السموات

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وعصر بكاء بلقيس كمثالين على الابحاث والدراسات التى تم اتخاذها، وذلك استنادا الى منهجية تحليل المحتوى والاشارة الى ظاهرة الحرب والهجرة وتصادم الشفاهى و انتقال القيم كنتيجة للحرب والهجرة.

مفاتيح الدراسة: سقوط السموات، عصر بكاء بلقيس، الحرب، الهجره، تصادم الشفاهى.

---

# War, Immigration, Oral Collision, and the Transmission of Values

## (Studying the content analysis of two novels “The Fall of the Heavens and the Period of Belkis Crying” in the light of George Lukacs’ theory)

**Izaddin Abdulsamad Rasool**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
izaddin.rasool@su.edu.krd

**Khdir Rasul Ababakr**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Xdrrasul87@gmail.com

**Keywords**: *The Fall of the Heavens, The Crying of Bilqis, War, Migration, Oral Collision.*

## Abstract

War and immigration are two social and political phenomena since antiquity. They have existed throughout human history and still exist to this day, and the relationship between the two phenomena is always clear. And the history of Kurdish society was also not without the phenomenon of war and migration, which led to deprivation and social deterioration. The events that resulted in war and migration are clearly recorded in the literature in general and the core of the novels in particular, that is,

the prevailing reality, and they became a manifestation and reflection of the events in the Kurdish novel.

Therefore, this study is in the context of literary sociology based on the updated theorist (George Lukacs) in explaining and analyzing the phenomena that resulted from the war. For this purpose, the two novels The Fall of the Heavens and The Age of Belqis Crying were highlighted as examples of the research and studies that were taken, based on the methodology of content analysis and referring to the phenomenon of war, migration, verbal collision and the transfer of values as a result of war and migration.